
ئێف سکۆت فیتزجیراڵد

# کەیسە نائاساییەکەی



# بنجامین بۆتن

لە ئینگلیزییەوە: هەڵۆ فەریق

# کەیسە نائاساییەکەی

## بنجامین بۆتن

کەیسە نائاساییەکەی بنجامین بۆتن
نوسینی: ئێف سکۆت فیتزجیرلڎ
له ئینگلیزییەوە: هەڵۆ فەریق
بەرگ: لهۆن کاروان
هەڵەچن: لۆنا کاروان، ڕامیار ئیسماعیل، ئامەد غەریب

سەرچاوە:
https://www.pagebypagebooks.com/F_Scott_Fitzgerald/The_Curious_Case_Of_Benjamin_Button/

**محمد كريم**

ئەم هەوڵە بچووکە پێشکەشە بە تۆ.

# پێشەکی نوسەر

ئەم چیرۆکە لە ژێر کاریگەریی گوتەیەکی مارک توینـدا نوسـراوە کاتێک گوتی، "جێی بەزەییە کە باشترین بەشی ژیان لە سەرەتادا دێت و خراپترین بەشیش لە کۆتاییدا." هەوڵمداوە ئەم ئایدیایە بخەمە دادگاییەکی دادپەروەرانەوە. تاقیکردنەوەکەشم بە تەنها پیاوێک سپاردووە لە جیهانێکی تەواو ئاساییدا.

# پێشەکی وەرگێڕ

"کەسێک کە بە پیری لەدایکدەبێت و وردە وردە
گەنجتر و بچووکتر دەبێتەوە، وەک ئەوەی بیەوێت
بگەڕێتەوە بۆ ناو سکی دایکی."

لە ١٩٢٢دا، ئێف سکۆت فیتزجیراڵد کورتە چیرۆکێکی لەبارەی ژیانە ناوازەکەی بنجامین بۆتنەوە نوسی، پیاوێک کە تەمەنی بە پێچەوانەوە دەڕوات. ساڵی ٢٠٠٨یش کۆمپانیای وارنەر برۆس ئەم کورتە چیرۆکەی کرد بە فیلم. جگە لەو کۆنسێپتە سەرەتاییە [تەمەنی پێچەوانەی بنجامین]، فیلم و چیرۆکەکە چەند خاڵێکی کەمی هاوبەشیان لە نێواندایە. لە چیرۆکە ئۆرجیناڵەکەدا، گێڕەرەوەیەکی نادیار، چیرۆکی بنجامین لە کاتی لەدایکبوونییەوە لە خێزانێکی سەرو مامناوەندی بۆڵتیمۆر تا مردنی لە ساڵی ١٩٢٠ـەکاندا دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی لە لەدایکبوونەوە وەک "ئەوی دی" سەیردەکرێت، بەڵام بنجامین لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. دەبێت بە بازرگانێکی سەرکەوتوو، پاڵەوانی جەنگ، دیارترین وەرزشەوانی کۆلێج، هاوسەرگیری لەگەڵ جوانترین کچی شارۆچکەکەدا دەکات کە زۆرترین چاوی لەسەرە. ئەگەرچی بنجامینەکەی فیتزجیراڵدی نوسەر ژیانێکی پڕاوپڕ دەژی، پڕاوپڕ بە گوێرەی بنەماکانی کلتوری باوی خەڵک، بەوەی لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیدا ژیانێکی خۆش و پڕاوپڕ بە

تەمەنەکەی خـۆی دەژی، بەڵام فـیلمەکە بنجـامینێکی تەواو جیاوازمـان نیشـان دەدات. بە درێژایـی فیلمەکە، بیـــنەران بنجامینێــک دەبیـــنن کە چەنـــدین پــێگەی سۆســـیۆ-کلتـــوری لە چەنـــدین نـــۆرمی جیـــاوازی کۆمەڵایەتیدا داگیر دەکات.

ئەوەی لە بنجامینـدا بەرەو گەنجبـوونەوە دەڕوات، تەنهـا تەمەنـی نییە. واتە تەنهـا بە جـۆرێکی میکـانیکی نییە لە لەدایکبوونـدا سـەری سپی بێت و وردە وردە لەگەڵ گەنجبـــوونەوەدا قـــژی ڕەش بێـــت و لەگەڵ منداڵبوونەوەدا قژی نەرم و ناسک ببێتەوە، بەڵکو دڵ و مێشــک و زەیـن و هیـوا و تەماعەکـانی و توانــای جەستەشی لەگەڵیدا گەنج دەبێتەوە. کاتێک ئەو پیـرە و بـاوکی گەنـجە، هەمیشـە لەگەڵ باوکیـدا لە کێشـەدایە، بەڵام کاتێـک بـاوکی تەمەنـی هەڵدەکشـێت و ئەمـیش تەمەنـی کەم دەبێتەوە و هەردوو دەگەنە یەک تەمەن، ئیدی زیـاتر لێک نزیک دەبنەوە و دەبن بە هـاوڕێ و پێکەوە دەچنە دەرەوە بۆ پیاسـە و بۆنەکـان. هەروەهـا بە هەمـان شـێوە کاتێک بنجـامین و کـوڕەکەی دەگەنە یەک تەمەن، نێوانیان خۆش دەبێت و دەبن بە هاوڕێ، بەڵام کاتێـــک کـــوڕەکەی گەورەتـــر دەبێـــت و ئەم بچووکتر دەبێتەوە، کێشە دەکەوێتە نێوانیـان. تەنـانەت دەگات بەوەی کوڕەکەی شـەرم بکات بە منداڵێک بڵێت بـاوکە و منـداڵێک ئەو بە نـاوی خـۆیەوە بانـگ بکـات، بۆیە بە بنجامینی باوکی دەڵێت لە بەرچاوی خەڵک بە مـــامە بـــانگی بکـــات. لە کۆتاییـــدا کاتێـــک لەگەڵ

کوڕەزاکەیدا تەمەنیان هاوشێوە دەبێت، یاری منداڵانە و میکانۆ و سەربازی پلاستیکی دەکات.

"کەیسە نائاساییەکەی بنجامین بۆتن" یەکێکە لە زۆرێک لەو چیرۆکانەی دیکەی ئێف سکۆت فیتزجیراڵد کە لە نێوان ڕۆمانەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی پارە نوسیوونی. زۆرجار کاتێک ئەو چیرۆکانەی دەنوسی کە پارەی پێنەدەما. بەتایبەتی پاش نوسینی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی "گاتسبی مەزن" چووە ناو ژوورەکەی و ڕۆژانە نزیکی ١٢ کاتژمێر و هەفتەی پێنج ڕۆژ چیرۆکی دەنوسی. ئەگەرچی هەندێک لەو چیرۆکانە تەمەنیان درێژبوون و تا ئێستەش ماونەتەوە، بەڵام فیتزجیراڵد دەیویست وەک پشووی نێوان ڕۆمانەکانی نیشانیان بدات، بە ئەستەمیش بە ئەنجامی ئەو کارانە قایل دەبوو. ڕەنگە جێی سەرسوڕمان نەبێت کە "کەیسە نائاساییەکەی بنجامین بۆتن" وەک کارێکی زۆر ئاسایی نیشاندراوە و هێندەی بە هۆی دەستپێکە سەرنجڕاکێشەکەیەوە ماوەتەوە، هێندە بە هۆی گێڕانەوە سەرنجڕاکێشەکەیەوە نەماوەتەوە. پێچەوانەی کارەکتەری گریگۆری "مێتامۆرفۆسیس"ی کافکاوە، بنجامین سەرکەوتوو دەبێت لە جیهانەکەی خۆیدا، تەنانەت بەدەستهێنانی پێگەی گرنگی ناو کلتورەکەی خۆشی. هەر سەرەتا فیتزجیراڵد بە خانەی چاپەکەی گوتبوو، "ئەم چیرۆکە خوێنەرێکی زۆری دەبێت و چاک دەفرۆشرێت."

بنجامین سیمبولی تاکێکە کە بە ئاسانی دەتوانێت لەگەڵ ژینگەی نوێدا بگونجێت. لە کاتێکدا کۆمەڵگە بنجامین ڕەتدەکاتەوە لەبەرئەوەی بنجامین "کەسێکی دیکەیە" واتە جیاوازە، بەڵام ئەم ڕەتکردنەوەیەی کۆمەڵگە نابێتە هۆی لەقکردنی بڕوای بنجامین لە بەشداریکردنی پرس و بۆنە کلتورییەکاندا. هەر لە لەدایکبوونیەوە کە کەسێکە دەتوانێت بڕوات و قسەبکات و بیربکاتەوە و باڵاشی بەرزە، باوکی قاتی بۆ دەکڕێت، بەڵام ئەم نایەوێت قات لەبەربکات، چونکە پێی وایە ئەو جۆرە قاتە بۆ ئەم گونجاو نییە و نایەوێت گاڵتەی پێبکرێت.

یەکێک لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان فیلمەکە و کتێبەکە، ئەوەیە لە فیلمەکەدا کارەکتەرێکمان هەیە کاتژمێرێک بۆ وێستگەیەکی شەمەندەفەر دروست دەکات کە میل و کاتژمێرەکانی بە پێچەوانەوە کار دەکەن. کاتێک کەسێک بۆ یەکەم جار درک بەم کاتژمێرە دەکات، هاوار دەکات، "سەیرکەن! ئەو کاتژمێرە بە پێچەوانەوە کار دەکات." دروستکەرەکەی وەڵام دەداتەوە، 'من خۆم بەو جۆرە دروستم کردووە. بەو هیوایەی کات بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و کوڕەکانمان لە جەنگ بگەڕێنەوە، ئەو کوڕانەمان زیندوو ببنەوە کە لە جەنگدا لەدەستمان داون."

ئەو سەردەمەی فیتزجیراڵد تێیدا نوسیوویەتی، بە سەردەمی جاز ناسراوە، ئەو سەردەمە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ـەکان دەگرێتەوە. سەردەمێک تێیدا مۆسیقا و سەما لە ئەمریکا [کە شوێنی لەدایکبوونی جازە] بە

خێرایی پەرەی سەند و زۆر وڵاتی دیکەی گرتەوە. هەندێک کەس بە سەردەمی جاز دەڵێن سەردەمی فلاپەر Flapper، کە بریتیبوو لە عەزییەکی زۆر کورت و بێ قۆڵ، لەو سەردەمەدا ژنان بۆ هەموو بۆنەکان لەبەریان دەکرد و سەمایان پێوە دەکرد.

لە چیرۆک و فیلمەکانی سەردەمی جازدا، چەندین ڕووداومان هەیە و هەمووشیان بە خێرایی ڕوودەدەن، وشەی ئەو سەردەمەشیان تێدا بەکاردێت کە هەموویان فەرمی نین و وشەی نافەرمی تێدا بەکاردێت. ئەمانە وایان کرد ئەم هەوڵی وەرگێڕانە کەمێک قورس ببێت و پرسیاری وشە و گرێکانی ناو کتێبەکە لە چەندین کەسی ئینگلیزی زمان بکەین.

لە کۆتاییدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین کە بەناوبانگترین کتێبی فیتزجیراڵد، "گاتسبی مەزن" پێشتر وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی و کاک سەیوان محمد وەریگێڕاوە بۆ سۆرانی و ناوەندی غەزەلنوس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها کاک Ciwanmerd Kulek وەریگێڕاوە بۆ کورمانجی و دەزگای ئاڤێستا بڵاوی کردووەتەوە.

## ژیان و بەرهەمەکانی فیتزجیراڵد

فرانسیس سکۆت کی فیتزجیراڵد لە ١٨٩٦/٩/٢٤ لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ١٩٤٠/١٢/٢١ و لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا هەر لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە. فیتزجیراڵد ڕۆمان، گوتار، کورتە چیرۆک و سیناریۆی نوسیوە. ئەوەی ناوبانگی فیتزجیراڵدی زیاتر بڵاوکردەوە، ئەو گرنگیدانەی بوو بە سەردەمی جاز Jazz Age، تێرمی سەردەمی جاز لەسەر دەستی ئەم زیاتر ناسراو و بڵاوبووەوە. تا خۆی لە ژیاندا بوو، چوار ڕۆمان و چوار کتێبی کۆمەڵە چیرۆک و ١٦٤ چیرۆکی بڵاوکردەوە.

### ڕۆمانەکانی

١. ئەمدیوەی بەهەشت ١٩٢٠
٢. جوان و نەفرەتلێکراو ١٩٢٢
٣. یاقوتێکی گەورە و ناوازە ١٩٢٢ (نۆڤێلا)
٤. گاتسپی مەزن ١٩٢٥
٥. شەو میهرەبانە ١٩٣٤
٦. دواهەمین ملیۆنێر ١٩٤١ (تەواو نەکراو)

### کورتە چیرۆکەکانی

١. بێنیس قژی کورت دەکاتەوە ١٩٢٠
٢. کەیسە نائاساییەکەی بنجامین بۆتن ١٩٢٢
٣. خەونەکانی زستان ١٩٢٢
٤. بابیلۆن دەگەڕێتەوە ١٩٣١

# بەشی یەک

# چاپتەری یەک

مـاوەیەک بەر لە ئێسـتە و لە ١٨٦٠ـدا، شـتێکی بـاش بوو ئەگەر لە ماڵەوە لە دایک ببیت. لە ئێسـتەدا، وەک پـێم گـوتراوە، خـودا پـلە بەرزەکـانی پزیشـکیی، فەرمانیان کردووە کە دەبێت یەکەمین گریانی منداڵ، لە نـاو هەوای ژوورێکـی پـڕ لە دەرمـانی سـڕکەری نەخۆشخانەدا بێت، تا دەکرێت نەخۆشـخانەیەکی باش و گونجـاویش بێـت. بـۆیە بەڕێـز ڕۆجێـر بـۆتن و خێزانەکەی[1] پەنجا ساڵ لە پێش مۆدەوە بوون، کاتێک لە هـاوینی ١٨٦٠ـــدا، بڕیاریـان دا کە دەبێـت یەکەم منداڵیان لە نەخۆشخانە بێتە دونیاوە. ئاخۆ ئەم پێش زەمەن کەوتنە، چ کـاریگەرییەکی بەسـەر ئەو مێژووە سەرسـوڕهێنەرەوە هەبـووە کە مـن بە تەمـام بینوسمەوە، وەڵامی ئەمە هەرگیز نازانرێت.

باشـتر وایە پێتـان بڵێم چـی ڕوویدا، دواتـر جێتـان بهێڵم خۆتان بڕیار بدەن.

بنەماڵەی ڕۆجێر بۆتن، پێگەیەکی باشیان هەبوو، لە هەردوو ڕووی کـۆمەڵایەتی و داراییشـەوە. لە سەردەمی پێش شەڕی ناوخۆدا لە بۆڵتیمۆر[2] دەژیـان. کەسی نزیکی ئەم بنەمـاڵە و ئەو بنەمـاڵەیە بوون، کە، وەک هەمـوو باشوورنشـینییەک دەزانـن، دەیانبەسـتێتەوە بە ئەو خزمـایەتییە شـکۆدارە گەورەیەی کە بە شـێوەیەکی فـراوان لە

---

[1] Mr. and Mrs. Roger Button

[2] Baltimore

هاوپەیمـــــانێتییەکەدا یەکیـــــان گرتبـــــوو. ئەمە یەکەم ئەزموونیـان بـوو دژ بە دەسـتووره کۆنە جـوانەکەی خۆیان بۆ منداڵبوون-بۆیە شڵەژانەکەی بەڕێز بۆتن سروشتی بوو. هیوای دەخواست منداڵەکەی کوڕ بێت، تـا بینێرێت بۆ کۆلێجی یەیڵ لە کۆنیکات[3]، لە هەمـان ئەو دامەزراوەیەی کە بەڕێـز بۆتن خـۆی بـۆ مـاوەی چوار سـاڵ ناوبـانگی دەنگی دابـووەوە و بە نازنـاوی Cuff[4] ناسرابوو.

لە بەیـــــــانی پیـــــــرۆزی ڕووداوە مەزنەکەی سـێپتەمبەردا، کـاتژمێر شەشـی بەیـانی بە ڕاڕایـیەوە هەسـتا و وەک ئەوەی کە پێـی ڕاهـاتبوو بە جـوانترین و پـوختەترین شـێوە خـۆی گـۆڕی، ئینجـا لە نـاو شـــــەقامەکانی بـــــالتیمۆرەوە بە خێرایـــــی ڕووەو نەخۆشـخانەکە چوو، تا بزانێت ئایا تـاریکیی نیوەشـەو لە هەناوی خۆیەوە ژیانێکی نوێی بەخشیوە یان نا.

لە کاتێکـدا نزیکـی سـەد یـاردی مـابوو بگـاتە نەخۆشخانەی ماری لاندی تایبەت بە ژنان و پیاوان[5]، دکتـۆر کیینـی[6] بینـی، پزیشـکی خێزانەکەیـان، بە پلیکانەکـانی دەروازەی پێشـەوەدا دەچـووە خـوارەوە، دەستەکانی لێک دەخشـاندن، وەک ئەوەی بیانشـوات-بەو شـێوەیەی هەمـوو پزیشـکەکان لە لایەن ئیتیکـی کارەکەیانەوە داوایان لێدەکرێت بیکەن.

---

[3] Yale College in Connecticut

[4] وشەیەکی ئینگلیزی کۆنە، بە مانای بەستنەوەی کەسێک دێت لە پەیوەندیدا. بە جۆرێک کە داگیری بکەیت یاخود بیبەستیتەوە. و.ک

[5] Maryland Private Hospital for Ladies and Gentlemen

[6] Keene

بەڕێز ڕۆجەر بۆتن، بەڕێوەبەری کۆمپانیای Roger Button & Co.، فرۆشیاری کەرەستەی بیناسازیی، بە ڕاکردن، بە شکۆیەکی کەمتر لەوەی لەو سەردەمە جوانەدا لە پیاوێکی بەڕێزی دانیشتووی باشوور چاوەڕوان دەکرا، ڕووەو دکتۆر کیین ڕۆیشت.

بانگی کرد، "دکتۆر کیین، ئۆهـ دکتۆر کین!"

دکتۆرەکە گوێی لێبوو، سەری بۆ سووڕاند، وەستا و چاوەڕێی کرد، لە کاتێکدا بەڕێز بۆتن نزیکبووەوە، دیمەنێکی سەیر ڕوخساری پزیشکەکەی داگرت.

"چی ڕوویدا؟" بەڕێز بۆتن بە هەناسەبڕکێوە لێی نزیکبووەوە و پرسی، "چی بوو؟ کچەکەم چۆنە؟ یان کوڕە؟ چۆنە؟ چی–"

"بە جوانی قسە بکە!" دکتۆر کیین بە ڕەقی گوتی، وا پێدەچوو توڕە بێت.

بەڕێز بۆتن بە پاڕانەوەوە پرسی، "منداڵەکە لەدایک بوو؟"

دکتۆر کیین برۆکانی دا بەیەکدا. "بەڵێ، پێم وا بێت–زۆر باش نا." دیسان نیگایەکی ڕەقی گرتەوە بەڕێز بۆتن.

"ژنەکەم تەندروستی باشە؟"

"بەڵێ."

"کوڕە یان کچ؟"

"لێرە لە ئێستەدا!" دکتۆر کیین بە دەنگی بەرز و بە ڕاڕاییەوە گوتی، "داوات لێدەکەم خۆت بچیت و بیبینیت. نائاساییە!" دواهەمین وشەی بە یەک بڕگە

گوت، پاشان ڕووی وەرگێڕا و لەبەرخۆیەوە گوتی: "پێتوایە کەیسێکی لەم جۆرە یارمەتی ناوبانگە زۆرەکەم بدات؟ یەک دانەی دیکەی وەک ئەمە لەناوم دەبات-هەر کەسی دیکەشبێت وێرانی دەکات."

بەڕێز بۆتن بە سەرسوڕمانەوە گوتی، "چی بووە؟ سیانەن؟"

دکتۆرەکە بە ڕەقی وەڵامی دایەوە، "نەخێر، سیانە نییە! هەرچییەک بێت دەتوانیت خۆت بچیت و بە چاوی خۆت ببیینیت. دکتۆرێکی دیکەش بۆ خۆت بگرە. پیاوە گەنجەکە من تۆم هێنایە دونیاوە، ئەوە چل ساڵیش دەبێت دکتۆری بنەماڵەکەتانم، بەڵام کاری من لەگەڵ ئێوە تەواو! نامەوێت جارێکیتر هەرگیز نە خۆت، نە هیچ کام لە خزمانت ببینمەوە! خوات لەگەڵ!"

دواتر بە تووڕەییەوە ڕووی وەرگێڕا، بێ ئەوەی یەک وشەی دیکە بڵێت چووە ناو گالیسکەکەی، کە لەسەر ڕۆخی شەقامەکە چاوەڕوانی دەکرد، ئینجا خێرا ڕۆیشت و لە چاو ونبوو.

بەڕێز بۆتن لەوێدا لە سەر شۆستەکە وەستا، سەرسام بوو و سەر تا پای دەلەرزی. دەبێت چ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوویدابێت؟ لە ناکاو هیچ ویستێکی بۆ چوونە ژوورەوە نەما بۆ ناو نەخۆشخانەی ماری لاندی تایبەت بۆ ژنان و پیاوان، پاش خولەکێک، بە لەشقورسییەکی زۆرەوە، زۆری لە خۆی کرد بەسەر پلیکانەکاندا بڕوات و لە دەروازەکەوە بچێتە ژوورەوە.

پەرستارێک لە هۆڵە تاریک و لێڵەکەدا لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو. بەڕێز بۆتن هەموو شەرمی خۆی خواردەوە و لێی نزیکبووەوە.

خاتوونەکە بە ڕوویەکی خۆشەوە سەری بۆ بەرزکردەوە و پێی گوت، "بەیانیت باش."

"بەیانیت باش. من-من بەڕێز بۆتنم."

لەم کاتەدا نیگایەکی تۆقیو هەموو ڕوخساری کچەکەی داگرت. هەستایە سەر پێ. پێدەچوو بیەوێت بە هۆڵەکەدا بفڕێت، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر خۆی گرتبێت.

بەڕێز بۆتن گوتی، "دەمەوێت منداڵەکەم ببینم."

پەرستارەکە بە دەنگێکی قیژەئاساوە گوتی، "ئۆهـ-بێگومان!" وەک ئەوەی هاوار بکات گوتی، "نهۆمی سەرەوە. ڕێک لە سەرەوە. بڕۆ سەرەوە."

پەرستارەکە بە ئاماژە ئاڕاستەکەی پیشاندا، بەڕێز بۆتن، شەلاڵ لە ئارەقەی سارد، بە گومانەوە سوڕا، ئینجا سەرکەوت بۆ نهۆمی دووەم. لە هۆڵەکەی سەرەوە قسەی لەگەڵ پەرستارێکی دیکەدا کرد کە هاتبووە پێشوازی، تەشتێکی بەدەستەوە بوو. توانی بۆی ڕوونبکاتەوە، "دەمەوێت منداڵەکەم-"

زرم! تەشتەکە کەوتە سەر زەوییەکە و بە پلیکانەکاندا پلە دوای پلە کەوتە خوارەوە. زرم! زرم! بە هێمنی ڕووەو خوارەوە چوو، وەک ئەوەی ئەم پیاوە زۆر مەترسیدار بێت، ئەمەش تورەی کرد.

بەڕێز بۆتن بە هاوارەوە گوتی، "دەمەوێت منداڵەکەم ببینم."

زرم! تەشتەکە گەیشتە نهۆمی یەکەم. پەرستارەکە کـۆنترۆڵی خـۆی بە دەسـت هێنـایەوە، بە ئاشـکرا نیگایەکی سووکی گرتە بەڕێز بۆتن.

بە دەنگێکی نزمەوە گوتی، "زۆر باشە بەڕێز بۆتن، زۆر چـاکە! بەڵام ئەگەر دەزانیـت ئەم بەیـانییە هەموومانی خستە چ دۆخێکەوە! بەڕاستی نائاساییە! ئەم نەخۆشـخانەیە هەرگیـز ناوبـانگی مۆتەکەئاسـای پاشـ--"

بەڕێز بۆتن بە دەنگێکی ڕەقتر هاواری کرد، "خێرا! بەرگەی ئەم بێنە و بردەیە ناگرم."

"لێرەوە وەرە بەڕێز بۆتن."

بە هەنگـاوی قورسـەوە شـوێن خـاتوونە پەرسـتارەکە کەوت. لە کۆتـایی هـۆڵێکی درێـژدا، گەیشـتنە ژوورێکـی پـڕ لە چەنـدین جـۆر گریـانی جیـاوازی منـداڵ، لە ڕاسـتیدا، ژوورێـک بـوو کە لە دیـالێکتی داهـاتووتردا بە "ژووری گریـان" دەناسـرێت. چوونە ژوورەوە.

بەڕێز بۆتن بە هەناسەیەکی قورسەوە گوتی، "ئێ، کامەیان هی منە؟"

پەرستارەکە گوتی، "ئەوەی ئەوێ."

چاوەکـانی بەڕێـز بـۆتن شـوێن ئامـاژەی پەنـجەی پەرسـتارەکە کەوتـن. ئەمەی بینـی: لە یەکێـک لە لانکەکاندا، پیـاوێکی بە تەمەن دانیشـتبوو، پێچرابـوو لە بەتـانییەکی قورسـی سـپییەوە، نزیکـی حەفتـا سـاڵ دەبوو، پڕ بە بێشکەکە بوو. قژە تەنکەکەی سپی بوو، لە چەناگەشـییەوە، ڕیشـێکی ڕەنـگ دووکەڵیـی شـۆڕ

بووبووەوە و بەو شنەبایەی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە، دەلەرییەوە. سەری بەرزکردەوە و بە دوو چاوی قووڵ و بچووکەوە سەیری بەڕێز بۆتنی کرد، چاوەکانی بە پرسیارێکی ئاڵۆز و مەتەڵئاساوە چاوەڕوانیان دەکرد.

بەڕێز بۆتن قیژاندی، "بۆ من شێتم؟" ترسەکەی گەیشتبووە لوتکە. "ئەمە نوکتەیەکی ترسناکی نەخۆشخانەکەیە؟"

پەرستارەکە بە ڕەقییەوە وەڵامی دایەوە، "بۆ ئێمە لە نوکتە ناچێت، ناشزانم ئەگەر تۆ شێتبیت یان نا- بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە ئەوە منداڵەکەی تۆیە."

ئارەقە ساردەکەی سەر ناوچەوانی بەڕێز بۆتن بوو بە دوو هێندە. چاوی داخست، پاشان کردییەوە، جارێکی دیکە سەیری کردەوە. هیچ هەڵەیەکی تێدا نەبوو-چاوەکانی بڕییە ئەو پیاوەی کە حەفتا[7] ساڵ دەبوو-منداڵێکی تەمەن شەست و دە ساڵ، منداڵێک کە قاچەکانی بەسەر لاکانی لانکەکەدا شۆڕکردبووەوە و پشووی پێدابوون.

پیاوە بە تەمەنەکە بە ئارامی سەیری یەکێکیانی کرد، پاشان ئەوەی دیکەیان، ئینجا لە ناکاو بە دەنگێکی کۆن و پچڕ پچڕەوە کەوتە قسە، "تۆ باوکی منیت؟"

---

[7] Threescore and ten: لە تێکستەکەدا نوسەر لەبری حەفتا نوسیوییەتی (سێ جار بیست و دە) کە مەبەستی حەفتایە. دەربڕینەکە لە ئینجیلەوە وەرگیراوە کە حەفتا وەک تەمەنی فەرمی مرۆڤ دانانڕاوە. بەڵام ئەم دەربڕینە لە دوای ساڵی ١٩٥٠کانەوە کەمبووەتەوە. لەبەر نەگونجانی لە زمانی کوردیدا، حەفتاکەمان داناواتەوە. و.ک

بەڕێز بۆتن و پەرستارەکە سەریان سوڕما.

پیاوە بەتەمەنەکە بە گلەییکردنەوە بەردەوام بوو، "چونکە ئەگەر باوکی منیت، بە هیوام لەم شوێنە بمبەیتە دەرەوە-یاخود، هیچ نەبێت، پێیان بڵێیت لانکەیەکی گەورەترم بۆ بێنن."

"بۆ خاتری خوا تۆ لە کوێوە هاتوویت؟ تۆ کێیت؟" بەڕێز بۆتن بە زبری وای گوت.

دەنگە گلەییکەرەکە گوتی، "ناتوانم بە دڵنیایی پێت بڵێم من کێم، چونکە تەنها چەند کاتژمێرێکە هاتوومەتە دونیاوە-بەڵام بێگومان ناوی دووەمم بۆتنە."

"درۆ دەکەیت! تۆ فێڵبازیت!"

پیاوە بەتەمەنەکە بە شەکەتییەوە سەری بۆ پەرستارەکە سوڕاند. "شێوازێکی جوانبوو بۆ پێشوازی کردن لە منداڵێکی-تازە لەدایکبوو،" بە دەنگێکی نزم گلەیی کرد. "پێی بڵێ کە هەڵەیە، بۆچی پێی ناڵێیت؟"

پەرستارەکە بە زبرییەوە گوتی، "تۆ هەڵەیت بەڕێز بۆتن. ئەمە منداڵەکەی تۆیە، دەبێت بەوە قایل بیت. داواشت لێدەکەین بە زووترین کات بیبەیتەوە ماڵەوە. هەر-ئەمڕۆ."

بەڕێز بۆتن بە گومانەوە دووبارەی کردەوە، "ماڵ؟"

"بەڵێ، ناتوانین لێرە بیهێڵینەوە. بە ڕاستی ناتوانین دەزانیت؟"

پیـاوە بەتەمەنەکە هـاواری کـرد، "دڵخۆشـم بەوە، ئەمە شـوێنێکی باشـە بۆ هێشـتنەوەی منداڵی بێدەنگ. بەم هەمـوو گریـان و هـاوارەوە، نەمتـوانی یەک تـۆز بـخەوم و چـاوم هـیچ دانەخـرا. داوای شـتێکم کـرد بیخۆم"-لێرەدا لە گلەییدا دەنگی بەرزتر و ڕەقتر بوو، "کەچی ئەوان مەمەیەکی پڕ لە شیریان بۆ هێنام."

بەڕێـــز بـــۆتن لە نـــاو کورســـییەکی تەنیشـــت کوڕەکەیدا ڕۆنیشت، وەک نەوازش، ڕوخساری خۆی لە دەســـتیدا شـــاردەوە. لە بەرخـــۆیەوە، بە ترســـێکی زۆرەوە گوتی، "ئای خوایە! دەبێت خەڵکی چیمـان پێ بڵێن؟ ئێستە چی بکەم؟"

پەرسـتارەکە جەختـی کـردەوە، "دەبێت بیبەیـتەوە ماڵەوە، هەر ئێستە."

وێنەیەکـی سـەیری شـێوە لێـڵ و ناشـرین، خـۆی لەبەر چـاوی بـاوکە ئەشـکەنجەدراوەکەدا پیشـان دا-وێنەی خۆی کە بەسـەر شـەقامە جەنجاڵەکانی شاردا دەڕوات و ئەم ڕوخســـــارە قەمووڕئاســـــایەش لە تەنیشتییەوە پیاسە دەکات.

هاواری کرد، "ناتوانم! ناتوانم."

خەڵکـی دەوەسـتن و قسـەی لەگەڵ دەکەن، دەبێت چییـان پێ بڵێت؟ دەبێت ئەمیـان پێ بناسـێنێت، ئەم-پیرە حەفتـا سـاڵانە: "ئەمە کـوڕەکەمە، ئەم بەیـانییە لە دایکبـــووە." پاشـــان پیـــاوە پیـــرەکە بەتـــانییەکەی لە خـۆیەوە دەپێچێـت و بە خـاوی دەکەوێـتەوە ڕێ، بە بەردەم فرۆشگە جەنجاڵەکاندا، فرۆشـگەی کۆیلەکان-بـۆ چـرکە سـاتێکی تاریـک، بەڕێـز بـۆتن زۆر بە

پەرۆشەوە هیوای خواست کوڕەکەی کۆیلە بووایە-بە لای خانووەکانی ناوچەی نیشتەجێبوونەکان دەڕۆن، بە لای ماڵی بەتەمەنەکاندا....

پەرستارەکە فەرمانی کرد، "دەی، خۆت کۆبکەرەوە."

پیاوە بەتەمەنەکە بە خێرایی ڕایگەیاند، "سەیرکە! ئەگەر وا دەزانیت بەم بەتانییەوە دەچمەوە ماڵەوە، ئەوا زۆر زۆر هەڵەیت."

"منداڵ هەمیشە بە بەتانییەوە دەچێتەوە ماڵەوە."

پیاوە پیرەکە بە ڕقێکی ئاگرئاساوە قوماشێکی سپی منداڵ پێچانەوەی بەرزکردەوە. گوتی، "تەماشا، ئەمەیان بۆ من ئامادەکردووە."

پەرستارەکە بە جۆرێکی فەرمی بەرسڤی دایەوە، "منداڵ هەمیشە ئەوانە دەپۆشێت."

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی، "کەوایە ئەم منداڵە بەم دەمودەستە هیچ شتێک لەبەر ناکات. ئەم بەتانییە لەش دەداتە خوروو. دەبوو هیچ نەبێت سەرچەفێکم بدەنێ."

بەڕێز بۆتن بەخێرایی گوتی، "دەی! دەی!" ڕووی کردە پەرستارەکە، "چی بکەم؟"

"بچۆ بۆ ناو شار و هەندێک پۆشاک بۆ منداڵەکەت بکڕە."

دەنگی کوڕەکەی بەڕێز بۆتن تا ناو هۆڵەکە بە دوایدا هات، "گۆچانێکیش باوکە. دەمەوێت گۆچانێکم هەبێت."

بەڕێز بۆتن بە تووڕەییەوە توند دەرگەی لە دوای خۆی داخست.

## چاپتەری دوو

"بەیانیت باش،" بەڕێز بۆتن بە ڕاڕاییەوە بەیانی باشی لە فەرمانبەرێکی کۆمپانیای چێساپییک درای گوودس[8] کرد. "دەمەوێت هەندێک پۆشاک بۆ منداڵەکەم بکڕم."

"بەڕێز منداڵەکەت چەند ساڵە؟"

بەبێ بیرکردنەوەیەکی زۆر، بەڕێز بۆتن گوتی، "شەش کاتژمێرە."

"بەشی پۆشاکی منداڵی تازە لەدایکبوو لە پشتەوەیە."

"نا، پێم وانییە-پێم وانییە من ئەوەم بوێت. ئەو، ئەو قەبارەی-منداڵێکی نائاسایی گەورەیە. زۆر ئاهـ گەورەیە."

"گەورەترین قەبارەیان هەیە بۆ منداڵ."

بەڕێز بۆتن بە خێرایی بابەتەکەی گۆڕی و پرسی، "بەشی کوڕان لە کوێیە؟" پێی وابوو فەرمانبەرەکە هەستی بە نهێنییە شەرمەزارکەرەکەی ئەم کردووە.

"لەوێیە."

"لەڕاستیدا-" ڕاڕا بوو. بیرۆکەی لەبەرکردنی پۆشاکی پیاوان بۆ منداڵەکەی، شەرمەزارکەر هاتە بەرچاوی. ئەگەر تەنها بیتوانیبایە چاکەتێکی زۆر گەورەی کوڕانە بدۆزێتەوە، ڕەنگە بتوانێت ئەو ڕیشە درێژ و ناشرینە ببڕێت، قژە سپییەکەی ڕەنگ بکات و

---

[8] Chesapeake Dry Goods Company

بیکـات بە قـاوەیی، ئەمە ڕەنـگە بتوانێـت خراپتـرین شـتەکان بشـارێتەوە، تـا ئەو شـتە بپارێزێـت کە خـاوەنییەتی-ڕێـز، ئەمە بەدەر لەو پـێگەیەی لە نـاو کۆمەڵگەی بۆڵتیمۆکاندا هەیەتی.

بەڵام گەڕان بە نـاو بەشـی پۆشـاکی کـوڕانەدا ئەوەی بۆ ئاشکرا کرد کە هیچ قاتێک بۆ بۆتنە-تازە لەدایکبـووەکە نابێـت. لـۆمەی فرۆشـگەکەی کـرد، بێگومان-لەم دۆخانەدا زۆر سانایە لۆمەی فرۆشگەکە بکەیت.

فرۆشـیارەکە بە زانخـوازییەوە پرسـی، "گوتـت تەمەنی کوڕەکەت چەندە؟"

"ئەو-شازدە ساڵە."

"ئۆهـ بمبورە. پێم وابوو گوتووتە شەش کاتژمێر. بەشی گەنجان لە ڕیزە ڕەفەی داهاتووە."

بەڕێـز بـۆتن بە خەمبـارییەوە ڕووی وەرگێـڕا. پاشـان وەسـتا، گەشـایەوە، بە پەنـجە ئامـاژەی بـۆ پۆشـاکەکانی بەری بـووکەڵەیەک کـرد لە شووشـەی جامخانەی سەر جادەکەدا. ڕایگەیاند، "ئەوە، ئەو قاتە دەبەم، ئەوەی بەری ئەو بووکەڵەیە."

فەرمـانبەرەکە سـەیری کـرد، ئینجـا نـاڕەزایی دەربـڕی، "چـۆن! ئەوە قـاتی منـداڵان نیـیە. کەمێـک وادیارە، بەڵام ئەوە قاتێکی کەشخەیە. خۆت دەتوانیت ئەوە لەبەر بکەیت!"

کڕیـارەکەی بە ڕاڕایـیەوە جەختـی کـردەوە، "بیپـێچەرەوە. ئەوە هەمـان ئەو شـتەیە کە مـن دەمەوێت."

فرۆشیارە سەرسامەکە بە قسەی کرد.

بەڕێز بۆتن گەیشتەوە نەخۆشخانەکە و چووە بەشی منداڵانەوە و وەک ئەوەی پۆشاکە پێچراوەکان فڕێبدات، هەڵیدان بۆ کوڕەکەی. بە خێرایی گوتی، "ئەمە جلەکانت."

پیاوە بەتەمەنەکە پۆشاکە پێچراوەکانی کردەوە و بە دوو چاوی سەرسامەوە سەیری شتەکانی ناوی کرد.

گلەیی کرد، "لەبەری مندا زۆر هەزەلی دەردەکەون، نامەوێت ببم بە مەیموون-"

بەڕێز بۆتن گوتی، "تۆ منت کرد بە مەیموون. گوێ بەوە مەدە چەند هەزەلی دەردەکەویت. لەبەریان بکە-ئەگەر لەبەریان نەکەیت-زللەت لێدەدەم." دوا وشەی بە ڕاڕاییەوە گوت، بەڵام هەستی کرد ئەوە گونجاوترین شتە بۆ گوتن.

بە لاساییکردنەوەی ئەو ڕێزە هەزەلییەی لە خێزانەکەدا هەیە گوتی، "باشە باوکە. تۆ زیاتر ژیاویت؛ تۆ دەزانیت چی باشترینە. ئەوە دەکەم کە تۆ دەیڵێیت."

وەک پێشتر، دەنگی وشەی 'باوک' بەڕێز بۆتنی تووڕە کرد.

"بە خێراییش لەبەریان بکە."

"خێرام، باوکە."

کە کوڕەکەی خۆی گۆڕی، بەڕێز بۆتن بە خەمبارییەوە سەیری کرد. پۆشاکەکان جووتێک گۆرەوی پەڵەپەڵە بوون، پانتۆڵی پەمەیی، لەگەڵ

بلوسێکی ملیوان سپی گەورە کە بە قایش توند دەکرا. لە کۆتاییدا، ڕیشە سپییە درێژەکە کە خەریکبوو دەگەیشتەوە کەمەری، شەپۆلی دا. کاریگەری پۆشاکەکە زۆر باش نەبوو.

"بوەستە!"

بەڕێز بۆتن مقەستی نەخۆشخانەکەی هێنا و بە یەک جوڵە بەشێکی زۆری ڕیشەکەی لێکردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم بەرەوپێشچوونەشدا، هێشتا شتەکان زۆر ناڕێک دەردەکەوتن. ئەو ڕیشەی کە مابوو تووکەکەی لوول بوو، چاوەکانی تەڕ، ددانی کۆن و ڕزیو، لەگەڵ ئەو پۆشاکە هەزەلییەشدا هیچ نەدەگونجان. هەرچۆنێک بێت بەڕێز بۆتن ئامادە نەبوو پاشگەز ببێتەوە-دەستی گرت و  بە ڕەقی گوتی، "وەرە لەگەڵم."

کوڕەکەی بە متمانەوە دەستی گرت، کاتێک لە بەشی منداڵانەوە چوونە دەرەوە پرسی، "ناوم دەنێیت چی باوکە؟ تا ماوەیەک هەر پێم دەڵێیت 'منداڵ'؟ تا ناوێکی باشترت بە مێشکدا دێت؟"

بەڕێز بۆتن لە بەرخۆیەوە بە ڕەقی گوتی، "نازانم، ڕەنگە بە مێتوسیلا[9] بانگت بکەین."

[9] Methuselah: کوڕی ئینۆچ، باوکی لامێچ، باپیری نوحی پێغەمبەر بوو. لە دینی ئیسلام و جولەکە و مەسیحیشدا ناوی هاتووە. دەگوترێت ٩٦٩ ساڵ ژیاوە. و.ک

## چاپتەری سێ

تەنـانەت پـاش ئەوەی دوا منـداڵی خێـزانەکەی بـۆتن قژی بۆ کورتکرایەوە و بە ڕەشێکی ناسروشتی بۆیان ڕەنـگ کـرد، پـاش ئەوەی ڕیشـیان ئەوەنـدە پـاک بـۆ تاشی بریقەی بێت، پاشـان پۆشـاکی بچووکیـان کـردە بەری-پۆشـاکی کـوڕانە، کە لە لایەن بەرگـدروویەکی شارەزاوە دوورابوو، بەڵام هێشتا ئەستەم بوو بەڕێز بـۆتن ئەو ڕاسـتییە پشـت گـوێ بخـات کە کـوڕەکەی لەوە ناشرینتر بوو کە یەکەم منداڵی خێزانەکەی بێت. بێجگە لە شێواوی تەمەنی، بنجامین[10] بۆتن-ئەوە ئەو نـاوەبوو کە لێیـان نـا لەبـری نـاوی مێتوسـیلا کە زۆر گونجاو بوو بەڵام ڕەوا نەبوو-مەتر و حەفتا سـانتیم بەرز بوو، پۆشاکەکانی ئەم ڕاستییەیان بۆ دانەپۆشرا. بـڕین و ڕەنـگ کردنـی برۆشـی، ئەو ڕاسـتییەیان بـۆ پەردەپـــۆش نەکـــرا کە لە ژێـــر چاوەکانیـــدا بـــوو-چاوەکـانی کـاڵ و تەڕ و شـەکەت بـوون. لە ڕاسـتیدا، ئەو دادەیەی بـــۆ منـــداڵەکەیان گـــرت، لەگەڵ یەکەم سـەیرکردندا، بە تـوڕەییەکی تۆفـان ئاسـاوە مـاڵەکەی جێهێشت.

بەڵام بەڕێـــز بـــۆتن بە مەبەســـتە جێگیـــرەکەی خۆیەوە بەردەوام بوو. بنجامین منداڵ بـوو، دەبێت بە منـداڵیش بمێنێـتەوە. سـەرەتا فەرمـانی کـرد ئەگەر بنجـامین حەزی لە شـیری گەرم نەبـوو، ئەوا هـیچ

---

[10] Benjamin

خواردنێکی دیکەی پێنەدرێت، بەڵام لە کۆتاییدا قایل بوو بەوەی ڕێگە بە منداڵەکەی بدرێت نان و کەرە بخوات، تەنانەت قایلیش بوو بەوەی بەرهەمی دانەویڵەشی بدەنێ. ڕۆژێک شەقشەقەیەکی هێنایەوە و دای بە بنجامین، جەختیشی کردەوە کە دەبێت "یاری پێبکەیت،" ئیدی پیاوە بەتەمەنەکە-بە ڕوخسارێکی شەکەتەوە-وەری گرت و بە درێژایی ئەو ڕۆژە گوێڕایەڵانە ڕایدەوەشاند و دەیزرنگاندەوە.

هیچ گومانی تێدا نەبوو کە شەقشەقەکە بێزاری دەکات، بۆیە ئەو کاتانەی بە تەنها جێیان دەهێشت، زۆر ئارامتر و دڵخۆشتر بوو. بۆ نموونە، ڕۆژێک بەڕێز بۆتن درکی بەوە کرد کە بە بەراورد بە هەفتەکانی پێشوو، لە هەر کات زیاتر جگەرەی کێشاوە-ئەم سەرسوڕمانە دوای چەند ڕۆژێک ڕوونبووەوە، کاتێک لە ناکاو خۆی کرد بە ژوورەکەی بنجامیندا، بینی ژوورەکە سیخناخە بە دوکەڵی شینی تەمئاسا، بینی بنجامین بە ڕوخسارێکی تاوانبارانەوە، هەوڵدەدات تیوبی هاڤاناکە بشارێتەوە. بێگومان ئەمە، چەند زللەیەکی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام بەڕێز بۆتن بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت شتەکان چارەسەر بکات. بۆیە بە سادەیی کوڕەکەی ئاگادار کردەوە کە "بە دەستی خۆی لە گەشە دەوەستێنێت."

هەرچۆنێک بووە، بەردەوام بوو لەسەر مامەڵەکەی خۆی. ڕۆژێک چەند سەربازێکی پلاستیکی منداڵانەی هێنایەوەماڵەوە، شەمەندەفەرێکی منداڵانە،

چەنــــدین بـــوکەڵەی ئـــاژەڵی منــــداڵانەی لە کەتــــان دروستکراو، تەنانەت، بۆ تەواوکردنی ئەو وەهمەی- هیچ نەبێت بۆ خۆی- دروستی کردبوو، داوای لە فرۆشیاری فرۆشگەی یاری منداڵانەکان کرد، "ئایا بۆیاخی مراوییە پەمەییەکە لێنابێتەوە ئەگەر منداڵەکە بەردەوام بیخاتە دەمییەوە." بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی کە باوکی بۆی دا، بنجامین ڕەتی کردەوە دڵی بە هیچیان خۆشبێت. بە دزییەوە بە پلیکانەکانی پشتەوەدا دەچووەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بەرگێکی دیکەی ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکای[11] دەهێنا و هەموو پاش نیوەڕوانەکەی پێوە دەبردە سەر، لە کاتێکدا مانگــــا کەتــــانەکەی و کەشــــتییەکەی نــــوحی بە پشتگوێخراوی لەسەر زەوییەکە کەوتبوون. دژی ئەو کەللەڕەقییە، هەموو هەوڵەکانی بەڕێز بۆتن بێسوود مانەوە.

ئەو هەســـتەی لە بۆڵتیمـــۆردا دروســـت بـــوو-لە سەرەتادا-ناوازە بوو. ئەوەی کە ڕوویدا هەرچەنێک لەسەر بۆتنەکان و ناوبانگی بنەماڵەکەیان کەوتبێت، هیچی لەگەڵدا نەدەکرا، لە کاتێکدا دەستپێکی جەنگی ناوخۆ هەموو هۆشی دانیشتوانی شاری بۆ شتێکی دیکە برد. هەندێک خەڵک کە دڵسۆز و بە ئەتەکێت بـــوون، بە نـــاو مێشـــکی خۆیانـــدا گەڕان بـــۆ دەستەواژەیەکی جوان تا سەبارەت بە بنجامین بە

---

[11] Encyclopedia Britannica: ناوە لاتینییەکەی 'ئینسکلۆپیدیای بەریتانیا'یە. چاپی یەکەمی ساڵی ١٧٦٨ دەرچوو. دواهەمین چاپیشی کە چاپی پازدەهەم بوو، ساڵی ٢٠١٠، پێکهاتبوو لە ٣٢ بەرگ. و.ک

دایـک و بــاوکەکەی بڵــێن-لە کۆتاییــدا گەیشــتن بەو دەرئەنجــامە ژیــرانەیەی بڵــێن، منــداڵەکە لە بــاپیری دەچێــــــت، لە ڕاســــتیدا، بە لەبەرچـــــاوگرتنی ئەو ستانداردەی کە هەموو پیاوە حەفتا ساڵانەکان هەیانە، نەدەتــوانرا نکــۆڵی لـــێ بکرێـــت. بەڕێــز بــۆتن و هاوســەرەکەی دڵخـۆش نەبـوون، بـاپیری بنجـامینیش بەمە بریندار بوو.

بنجـامین، هەر کە لە نەخۆشـخانەکە هـاتە دەرەوە، بەو جـۆرە ژیـا کە پێـی بەخشـرابوو. چەنـدین کـوڕی بچووک هێنران تا ببینن و ببن بە هـاوڕێی، بەڵام ئەو پاشـنیوەڕۆیەی بە زەحـمەت تێپەڕانـد بە هەوڵـدان بـۆ حەز لێکردنــی یــاری مــزراحێن-تەنــانەت تــوانی، تــا ڕادەیەک بە ڕێـــکەوت، بە دارلاســــتیک شووشــــەی پەنــجەرەی چێشــتخانەکە بشـکێنێت، سـەرکەوتنێک کە بە شێوەیەکی نهێنی دڵی باوکی خۆشکرد.

لەبەر ئەوە بنجــامین هەوڵــی دا هەمــوو ڕۆژێــک شـتێک بشـکێنێت، بەڵام تەنهـا لەبەر ئەوە ئەم شـتانەی دەکـرد، چـونکە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا کە بیانکـات، لەبەر ئەوەش کە هەر بە سروشت کەسێکی گوێڕایەڵ بوو.

کاتێــک ڕقەکەی ســـەرەتای بـــاپیری ڕەویـــیەوە، بنجـامین و بـاپیری چێژێکـی زۆریـان لە بەسـەربردنی کات لەگەڵ یەکتر دەبینی. چەندین کاتژمێر دادەنیشتن، هەردووکیـــان پـــێکەوە، بە تەمەن و ئەزمـــوون زۆر دووربـــوون لەیەکەوە، بەڵام وەک دوو هـــاوڕێی بە تەمەن، بە بێ ماندووبوون و وەک یەک باسی هەموو

ڕووداوە خاوەکانی ڕۆژیان دەکرد. بنجامین لەگەڵ باپیری هەستی بە ئارامی زیاتر دەکرد وەک لە دایک و باوکی، وا پێدەچوو هەمیشە ڕێزێکی زیاتری لێبگرن، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی کە بەسەریاندا جێبەجێیان دەکرد، بەڵام جارجار بە 'بەڕێز' بانگیان دەکرد.

وەک هەر کەسێکی دیکە، لە لەدایکبوونەوە سەری لە ڕاستیی پێشکەوتنی جەستە و مێشکی سوڕمابوو. لە ڕۆژنامە پزیشکییەکاندا لەو بارەیەوە شتی خوێندەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت پێشتر کەیسی لەو جۆرە تۆمار نەکراوە. بە پێی فەرمانەکانی باوکی هەوڵێکی ڕاستگۆیانەی دا یاری لەگەڵ کوڕی دیکەدا بکات، جارجار دەچوو یاری گەرمتری دەکرد-تۆپی پێ زۆر ترساندی، ترسا لە کاتی شکاندا، ئێسکە کۆنەکانی یەک نەگرنەوە.

کە بوو بە پێنج ساڵ نێردرا بۆ باخچەی ساوایان، لەوێ دەستی کرد بە هونەری لکاندنی کاخەزی سەوز بە کاخەزی پرتەقاڵییەوە، کێشانی نەخشە و کاتێکی زۆریش بە مقەبا سەرقاڵی دروستکردنی ملوانکە بوو. ئەمانە وایان لێکرد لە ناوەڕاستی ئەم ئەرکانەدا خەوی لێ بکەوێت، ئەم خووە هەم مامۆستاکەی تووڕە دەکرد و هەمیش دەیترساند. لە خۆشبەختی ئەم، مامۆستاکەی لای دایک و باوکی سکاڵای لێکرد، ئیدی لە باخچە دەرهێنرا. بەڕێز ڕۆجێر بۆتن و هاوسەرەکەی بۆ هاوڕێکانیان

ڕوونکــردەوە کە هەســتیان کــردووە لەوە منــداڵترە بینێرنە ئەوێ.

کاتێک تەمەنـی بـوو بە دوازدە سـاڵ، خێـزانەکەی لەگەڵــی ڕاهــاتن. لە ڕاســتیدا خــوو و ڕەوشــتی بە جۆرێـک بەهێـز بـوو کە چیتـر خێـزانەکەی هەسـتیان نەکرد لە هیچ منداڵێکی دیکە جیاوازە-تەنها ئەو کاتانە نەبێــت کە کەســێکی کونجکــۆڵ و بە ســەرەنج ئەو ڕاســتییەی بیردەخســتنەوە. بەڵام ڕۆژێــک، چەنــد هەفتەیەک پاش دوازدەهەمـین یادی لە دایکبوونی، لە کاتێکـدا سـەیری ئـاوێنەی دەکـرد، بنجـامین شـتێکی سەرسـوڕهێنەری دۆزیــیەوە-یــاخود پێــی وابــوو دۆزیویەتییەوە. ئایا چاوەکانی لەخشتەیان برد یاخود ئەو دەرزەنە ســاڵەی تەمەنــی بە ڕەنگێکــی شــاراوە قژیان لە سپییەوە گۆڕیبوو بە خۆڵەمێشـێکی ئاسنین؟ ئایا تۆڕە چرچ و لۆچەکانی سەر ڕوخساری کەمتر دەردەکەوتــن؟ پێســتی تەندروســتتر و ڕەقتــر بــوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگی سووری زستانئاسای گرتووە؟ نەیـدەزانی. دەیزانـی کە چیتـر لە جێـی خـۆی جێگیـر نییە، دەیزانی دۆخی فیزیکی لە چاو ساڵانی سـەرەتای تەمەنیدا بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە.

"شــتی وا دەبێــت؟" بیــری کــردەوە، یــاخود، بە دزییەوە وێرای بیربکاتەوە.

چوو بۆ لای باوکی و ڕاستەوخۆ پێی ڕاگەیاند، "من گەورە بوومە، دەمەوێت پانتۆڵی درێژ لەپێ بکەم[12]."

باوکی دوودڵ بوو، دواجار گوتی، "لە ڕاستیدا، نازانم. چواردە تەمەنی پۆشینی پانتۆڵی درێژە-تۆش تەنها دوازدە ساڵیت."

بنجامین نارەزایی دەربڕی، "بەڵام دەبێت ددانی پێدا بنێیت کە من لە تەمەنی خۆم گەورەترم."

باوکی بە شێوازێکی گزیبازانە و فێڵاوی گوتی، "ئۆهـ من پێم وانییە ئەوە ڕاست بێت، کاتێک من دوازدە ساڵ بووم بەقەد تۆ گەورە بووم."

ئەوە ڕاست نەبوو-هەموو ئەوە بەشێک بوو لە ڕێککەوتنە بێدەنگەکەی بەڕێز ڕۆجێر بۆتن لەگەڵ خۆیدا، تا بڕوا بە ئاسایبوونی کوڕەکەی بهێنێت.

لە کۆتاییدا گەیشتنە ڕێککەوتنێک. بنجامین دەبوو بەردەوامبێت لە ڕەنگکردنی قژی. دەبوو بە جۆرێکی باشتر دەربکەوێت و یاری لەگەڵ کوڕە هاوتەمەنەکانیدا بکات. بۆی نەبوو لە سەر شەقام چاویلەکە لە چاو بکات و گۆچان هەڵبگرێت. لە بەرامبەر ئەم بڕیارانەدا، ڕێگەی پێدرا یەکەمین قاتی لەبەر بکات، بە پانتۆڵی درێژەوە.

---

[12] لەو سەردەمەدا منداڵان دەبوو پانتۆڵی کورت لەپێ بکەن. لە تەمەنی سەروو چواردە ساڵییەوە خیزانەکانیان ڕێگەیان دەدان پانتۆڵی درێژ بپۆشن. و.ک

# چاپتەری چوار

دەمەوێت کەمێک باسی ژیانی بنجامین بۆتن لە نێوان دوازدە بۆ بیست و یەکساڵیدا بکەم. ئەوەندە بەسە بڵێین ئەو ساڵانە بۆ ئەو، ساڵانی ئاسایی گەشەنەکردن بوون. کاتێک بنجامین هەژدە ساڵ بوو، وەک پیاوێکی پەنجا ساڵان زەکەری ڕەق دەبوو؛ قژی زیاتر و ڕەنگەکەشی بوو بە خۆڵەمێشی تاریک؛ هەنگاوەکانی بەهێز بوون، سنگی سافتر بوو و لەرزە و قرخە و وەستانی تێدا نەما و بوو بە باریتۆنێکی[13] تەندروست. بۆیە باوکی ناردی بۆ کۆنیکەت تا تاقیکردنەوەی وەرگرتن بکات لە کۆلێجی یەیل. بنجامین تاقیکردنەوەکانی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند و بوو بە خوێندکاری قۆناغی یەکەم.

لە سێهەم ڕۆژی وەرگرتنیدا، پەیامێکی لە بەڕێز هارتی بەڕێوەبەرەوە پێگەیشت تا بچێت بۆ ئوفیسەکەی و خشتەی وانە و کاتەکانی ڕێک بخات. بنجامین سەیری ئاوێنەکەی کرد، هەستی کرد قژی پێویستی بەوەیە کەمێک ڕەنگی قاوەیی زیاتری لێ بدات، بەڵام یەک نیگای مەترسیداری سەر مێزە چەکمەجەدارەکەی ئەوەی ئاشکرا کرد کە قوتوی ڕەنگەکە لەوێ نییە. پاشان بیری هاتەوە-ڕۆژی پێشتر هەمووی بەکارهێناوە و فڕێیداوە.

---

[13] Baritone: تۆنێکی دەنگی پیاوانەیە، لە تینۆر نزمترە و لە باس بەرزترە. و.ک

لە ڕاڕاییەکـی زۆردا بـوو. دەبـوو پێـنج خـولەکی دیـکە لە ژووری بەڕێـوەبەر بێـت. وا دیـاربوو هـیچ شتێک دادی نـادات-دەبوو بەو جۆرە بچێت کە هەیە. بۆیە بەو جۆرە چوو.

بەڕێـوەبەرەکە بە ئەدەبەوە گـوتی، "بەیانیـت بـاش، هاتوویت پرسیار لەبارەی کوڕەکەتەوە بکەیت."

بنجامین دەستی پێکرد، "لە ڕاستیدا، نـاوم بنجـامین بۆتنە-" بەڵام بەڕێز هارت قسەکانی پێ بڕی.

"دڵخۆشـم بە بینینـت بەڕێـز بـۆتن. چـاوەڕوانی کوڕەکەتم هەر ئێستە دەگاتە ئێرە."

بنجـامین خێـرا گـوتی، "ئەوە مـنم. مـن لە قۆنـاغی یەکم."

"چی!"

"من لە قۆناغی یەکم."

"بەڕاستی گاڵتە دەکەیت."

"بە هیچ جۆرێک."

بەڕێـوەبەر دەموچـاوی دا بەیەکـدا و سـەیرێکی کـارتەکەی بەر دەسـتی خـۆی کـرد، "ئەمە چییە، لێرە تەمەنی بەڕێز بنجامین بۆتن نوسراوە هەژدە."

بنجـامین، کەمێـک لە شـەرمدا سـوور هەڵـگەڕا و ڕوونی کردەوە، "ئەوە تەمەنی منە."

بەڕێوەبەر بە شـەکەتییەوە چاوی تێبڕی، "بەڕێـز بۆتن، چاوەڕێی ئەوە دەکەیت بڕوا بکەم."

بنجـامین بزەیەکـی مانـدوانەی کـرد و دووبـارەی کردەوە، "من هەژدە ساڵم."

بەڕێوەبەرەکە بە تووڕەییەوە ئاماژەی بۆ دەرگەکە کــرد، "بــڕۆ دەرەوە، لەم کــۆلێژە بچــۆ دەرەوە، لەم شارۆچکەیە بچۆ دەرەوە. تۆ شێتێکی مەترسیداریت."

"من هەژدەساڵم."

بەڕێـز هــارت دەرگەکەی کـردەوە. هــاواری کـرد، "ئەوە چ بیـرۆکەیەکە! پیـاوێکی وەک تـۆ بیەوێـت وەک خوێندکاری قۆناغی یەک بێتە ئێرە. تۆ هەژدە ساڵیت؟ کەوایە مــــن هەژدە خولەکـــــت دەدەمـــــێ تــــا ئەم شارۆچکەیە جێبهێڵیت."

بنجــامین بــۆتن بە شــکۆوە لە ژوورەکە چــووە دەرەوە، نیــــو دەرزەن خوێنـــدکاری کــــۆلێژ، کە لە هــــۆڵەکەدا چاوەڕێیـــان دەکـــرد، بە زانخـــوازییەوە ســەیریان دەکـرد. کاتێـک کەمێـک دوورکەوتبـووەوە، ئاوڕی دایەوە، ڕووی کردە بەڕێوەبەرە دەمارگرژەکە، کە لە نــاو دەرگەکەدا وەســتابوو-بە دەنگێکــی بەهێــز دووبارەی کردەوە، "من هەژدە ساڵم."

پێکەنـین لە گـروپە خوێنـدکارەکەوە بەرز بـووەوە، بنجامین دوورکەوتەوە.

بەڵام قەدەری وا نەبــوو بەو ئاســانییە دەربــازی ببێـت. لە پیاســە خەمبارانەکەیـدا بـۆ وێتسـگەی هێڵـی شـــەمەندەفەرەکە، بــۆی دەرکەوت گروپێــک، دواتــر عەشــاماتێک لە کۆتاییـدا یەک دونیـا خوێنـدکار دوای کەوتـوون. قسـە بەجۆرێک بڵاوبـووەوە کە شـێتێک لە تـاقیکردنەوەی وەرگرتنـی زانکـۆی یەیـڵ دەرچـووە و هەوڵــی داوە قایلیــان بکـات کە تەمەنــی هەژدە ســاڵە. تایەکی بەپەرۆشبوون دەستی بەسـەر کۆلێجدا گرت.

پیاوەکان بێ کڵاو لە پۆل ڕایان دەکردە دەرەوە، تیمی تۆپی پێکە وازیان لە مەشقەکانیان هێنا و هاتنە ناو عەشاماتەکەوە، ژنی پرۆفیسۆرەکان بە سەرپۆشی نارێک و عەزی خواروخێچەوە، بە هاوارەوە دوای گردبوونەوەکە کەوتن، کە بەردەوام و دووبارە سەرکەوتووبوون لە تانەدان بە ئاڕاستەی بریندارکردنی هەستی بنجامین بۆتن.

"ڕەنگە جولەکە گەڕیدەکە بێت[14]!"

"لەم تەمەنەدا دەبێت بچێت بۆ خوێندنگەی ناوەندی!"

"تەماشای ئەو گەنجە زیرەکە!"

"وایزانی ئەمە خانەی بەساڵاچووانە!"

"سەرکەوە بۆ هارڤارد!"

بنجامین هەنگاوەکانی خێراتر کرد، هەر زوو کەوتە ڕاکردن. پیشانیان دەدەم! دەچم بۆ هارڤارد و لەم شێتییەیان پاشگەزیان دەکەمەوە.

بەبێ زیان چوو بۆ وێستگەکە و سواری شەمەندەفەری باڵتیمۆر بوو، سەری نا بە جامەکەوە. هاواری کرد، "لەمە پەشیمان دەبنەوە!"

خوێندکارەکان پێدەکەنین، "ها ها ها ها ها!" ئەوە گەورەترین هەڵە بوو کۆلێجی یەیڵ بە هەموو ژیانی کردبێتی.

---

[14] Wandering Jew، جولەکە گەڕیدەکە: کەسایەتییەکە مەحکوم کراوە بەوەی تا ڕۆژی قیامەت و هاتنەوەی مەسیح بژی. لەبەر ئەوەی کاتێک مەسیح بە خاچەوە بوو، ئەم گاڵتەی پێکرد. و.ک

# چاپتەری پێنج

لە ١٨٨٠ دا، بنجامین بۆتن بیست ساڵ بوو، ئەو یادە گرنگەی بەوە کردەوە کە بچێت کار بۆ باوکی بکات لە کۆمپانیای ڕۆجەر بۆ فرۆشتنی پێداویستی بیناسازیی. هەر لەو ساڵەشدا بوو کە دەستی کرد بەوەی "لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بچێتە دەرەوە." بۆ ئەمەش، باوکی جەختی لەوە کردەوە بە زۆر بیبات بۆ چەندین ئاهەنگی سەمای کەشخە. ڕۆجەر بۆتن ئێستە پەنجا ساڵ بوو، خۆی و کوڕەکەی زیاتر بووبوون بە هاوڕێ-لە ڕاستیدا، لەو کاتەوەی بنجامین لە ڕەنگکردنی قژی وەستا بوو (کە هێشتا مەیلەو خۆڵەمێشی بوو) لەوە دەچوو هەردووکیان لە یەک تەمەندا بن. لە برا دەچوون.

شەوێکی ئۆگۆست، بە جوانی قاتەکانیان پۆشی و چوونە ناو گالیسکەکەیانەوە و لێیان خوڕی بۆ ئاهەنگێکی سەما لە خانووەکەی دەرەوەی شاری شێڤلین[15]، کە دەکەوتە دەرەوەی بۆڵتیمۆر. شەوێکی تایبەت و جوان بوو. مانگ ڕەنگی ڕێگەکەی گۆڕیبوو بۆ سلڤەرێکی کاڵ، خونچەی درەنگ پشکوتووی کێڵگەکانیش، هەناسەیان دەدایە ناو هەوای کشووماتی شەوەوە و بۆنی خۆیان تێکەڵ بە مانگەشەو دەکرد، دەنگەکەیان لە دەنگی پێکەنینێکی نزم دەچوو کە بە ئەستەم بێتە گوێ. دەشتاییە کراوەکانی دەرەوەی

---

[15] Shevlin

شـار، بە کـێڵگەی گەنمـی درەوشـاوە داپۆشـرابوون، وەک ڕۆژ بریقەیـان دەهـات. ئەسـتەم بـوو نەکەویـتە ژێر کاریگەری ئەو ئاسمانە جوانەوە.

ڕۆجێـر بـۆتن دەیگـوت، "داهـاتوویەکی بـاش لەم بزنسی خواردنی وشـەکەیەدا هەیە." پیاوێکی ڕۆحانی نەبوو-هەستی جوانی-پەرستییەکەی زۆر سادە بوو.

زیـاتر قوڵبـووەوە، "کەسـی بەتەمەنـی وەک مـن ناتوانێت فێری فێڵی نوێ ببێت، ئەوە ئێوەی گەنجن بە وزە و توانـاوە کە داهـاتوویەکی ڕۆشـن و بەرزتـان لەپێشە."

دوور لەو سـەری ڕێـگەکە، ڕوناکییەکـانی مـاڵی شـێڤلین بەرچـاو کەوتـن، لەو کاتەشـدا دەنگێکـی گریانئاسـا هـاتە گوێیـان-پێـدەچوو دەنگـی کەمـانچە دەنـگ خۆشـەکە بێـت، یـاخود دەنگـی شـەکاندنەوەی گەنمە سلڤەرەکان بێت لە ژێر ڕووناکی مانگدا.

لە پشـتی گالیسکەیەکی جـوانەوە لایانـدا، کە چەنـد سەرنشـینێک لە دەرگەکەیەوە دەهـاتنە دەرەوە. ژنێـک هـاتە دەرەوە، پیـاوێکی کەمێـک بەتەمەن، پاشـان خاتوونێکی گەنجی دیکە، ئەم خاتوونە هێندەی گوناهـ جوان بوو. لە بنجامیندا؛ گۆڕانێکی کیمیایی دەسـتی بە جوڵە کـرد و هەمـوو ئەندامەکانی جەسـتەی گـرتەوە. جەستەی قورستر بوو، خوێن سـەرکەوت بۆ هەردوو ڕوومەتەکـانی، بـۆ نێوچـاوانی، بەشـێکی زۆریـش بـۆ گوێیەکانی. ئەوە یەکەمین خۆشەویستیی بوو.

کـچەکە بـاریکەلە و ناسـک بـوو، لەژێـر ڕوونـاکی مانگدا ڕەنگـی قژی خۆڵەمێشـی بـوو-لەژێـر ڕوونـاکی

فانۆســـەکانی بەرهەیـــوانەکەدا بـــوو بە هەنگـــوینی. سەرشانێکی ئیسپانی نەرمی زەرد بەسـەر شانەکانیدا هـــاتبووە خـــوارەوە، پەپـــولەیەکی ڕەشـــی تێـــدا نەخشـێنرابوو؛ پێیەکـانی لەژێـر بەرز و نزمـی لێـواری خوارەوەی عەزییەکەیدا دەبریسکانەوە.

ڕۆجەر بـۆتن خـۆی بە لای کوڕەکەیـدا لارکـردەوە و پێـی گـوت، "ئەوە هایدگرەیـد مـۆنکرێفی[16] گەنـجە، کچی جەنەڕاڵ مۆنکرێف."

بنجـامین بە سـاردی سـەری لەقانـد. بە هەمـان ساردییەوە گـوتی، "شـتێکی زۆر قەشـەنگ و جـوانە." بەڵام کاتێـــک منـــداڵە ڕەشپێســـتەکە واگـــۆنەکەی دوورخستەوە، گوتی، "باوکە، دەبێت پێمی بناسێنیت."

لەو گـروپە خەڵـکە نزیکبـوونەوە کە مۆنکرێـف لە ناوەڕاســـتیاندا بـــوو. بە گەورەکردنـــی کـــچەکە بە دەسـتووری کـۆن، خـاتوونەکە عەزیـیەکەی گـرت و کەمێک بۆ بنجـامین دانەوییەوە. بەڵێ کوڕەکە حەزی لە سـەمایە. بنجـامین سوپاسـی کـرد و لە خـاتوونەکە دوورکەوتەوە-دەمودەست سەرسامی بوو.

چـاوەڕوانی کـرد تـا نـۆرەی ئەم بێت. نـۆرەی ئەم هێنـدەی قیـامەت دوور بـوو. لە نزیـک دیـوارەکەوە وەســـتا، بێـــدەنگ، بـــێ هەســـت، بە دوو چـــاوی جەللادئاســـاوە ســـەیری ئەو گەنجـــانەی دەکـــرد کە خـوێنی باڵتیمۆریـان تێـدایە و بە دەوری هایدیگرەیـد مۆنکرێفـــدا دەهـــاتن و دەچـــوون، ڕوخســـاریان

---

[16] Hildegarde Moncrief

لێوانلێوبوو لە نیگای پڕ تاسە. چەند بێزراو دەهاتنە بەرچاوی بنجامین! چەند ژنانی و پەمەیی دەیبینین! سمێڵە قاوەییە لولەکانیان خەریکبوو دڵ و گەدەی ئەمیان دەهێنایە دەرەوە.

بەڵام کاتێک کاتی ئەم هات، کاتێک لەگەڵ خاتوونەکەدا بە نەرمی وەک شەپۆلی ئاو چوون بۆ سەر زەوی سەماکە بۆ نوێترین مۆسیقای واڵتزی فەڕەنسی، هەرچی هەستی غیرە و ترسی تێدابوو، هەموو وەک کلوی بەفر تووانەوە. ئەو ئەفسوونە کوێری کرد و هەستی کرد ژیانی لەم چرکە ساتەوە دەستی پێکردووە.

هایدگرەید سەری بۆ بەرزکردەوە و بە دوو چاو، کە بە ڕوناکی درەوشاوەی شین دەچوو، سەیری کرد و پرسی، "تۆ و براکەت لەگەڵ ئێمەدا گەیشتنە ئێرە وانییە؟"

بنجامین دوودڵبوو. ئەگەر خاتوونەکە ئەمی بە برای باوکی زانیبێت، ئایا باشتر وایە پێی بڵێت؟ بیری ئەزموونی خۆی کەوتەوە لە کۆلێجی یەیل، بۆیە بڕیاری دا وا نەکات. کارێکی ناشرین بوو خاتوونێک پشتگوێ بخەیت؛ تاوان بوو ئەم بۆنە جوانە بە چیرۆکە ڕاستییە بێزارکەرەکە بشێوێنێت. ڕەنگە دواتر بێتەوە سەر ئەم باسە. بۆیە سەری بۆ لەقاند، پێکەنی، گوێی گرت، دڵخۆش بوو.

هایدگرەید پێی گوت، "حەزم لە پیاوە لە تەمەنی تۆدا بێت، کوڕە گەنجەکان زۆر بێ مێشکن. باسی ئەوەم بۆ دەکەن چەندە شامپانیا دەخۆنەوە لە کۆلێج،

چەندە پارە لە یاری کارتدا دەدۆڕێنن. پیاوانی وەک تۆ دەزانن چۆن نرخی خاتوونێک بزانن."

بنجامین خۆی لە لێواری داخوازیکردنیدا بینی- بە زۆر توانی داواکردنەکەی بگێڕێتەوە و خۆی بگرێت.

خاتوونەکە بەردەوام بوو، "تۆ لە ڕۆمانسیترین تەمەندایت، پەنجا، ژیر. -بیست و پێنجەکان زۆر دەڵێن؛ سییەکان ئەوەندە کار دەکەن زەرد هەڵدەگەڕێن؛ چلەکان تەمەنی چیرۆکە درێژەکانە کە گێڕانەوەیان جگەرەیەکی دەوێت؛ شەستەکان، ئۆهـ شەست زۆر نزیکە لە حەفتاوە؛ بەڵام پەنجا تەمەنی مامناوەند و گونجاوە. من پەنجام خۆشدەوێت."

پەنجا بۆ بنجامین بوو بە تەمەنێکی ئەفسووناوی. لە دڵی بنجامیندا عەشقێکی زۆر بۆ تەمەنی پەنجا دروست بوو.

هایدگرەید بەردەوام بوو، "هەمیشە گوتوومە، پێم باشترە شوو بە پیاوێکی پەنجا ساڵ بکەم و ئاگای لێم بێت وەک لەوەی شوو بە سی ساڵێک بکەم و ئاگام لێی بێت."

تەواوی ئەو شەوە بۆ بنجامین بوو بە تەمێکی ڕەنگ هەنگوینی. هایدگرەید دوو سەمای دیکەی لەگەڵ کرد، بۆیان دەرکەوت پڕن لە پرسیاری هاڕمۆنی بۆ یەکتر کە ڕۆژێکی تایبەتی دەوێت. قەولی دا شەممەی داهاتوو لەگەڵ بنجامین سواری گالیسکەکەی ببێت و زیاتر گفتوگۆ لە بارەی پرسیارەکانیانەوە بکەن.

بەر لە یەکەم تیشکی بەرەبەیان، بە گالیسکەکەیان ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. لە کاتێکدا یەکەمین هەنگەکان گیزەیان دەهات و مانگ بە کاڵی لە ناو شەونمەکاندا دەدرەوشایەوە، بە ئاستەم ئاگای لە باوکی بوو باسی بازرگانی پێداویستی ماڵ و باخچەی دەکرد.

"... ئەی پێتوایە لە دوای چەکوش و بزمار، زۆرترین جەختمان بۆ قازانج لەسەر چی بێت؟"

بنجامینی دوور، بێ هەستانە گوتی، "خۆشەویستی."

"پێداویستی؟" ڕۆجەر بۆتن سەر سوڕماوانە گوتی. "کەمێک پێش ئێستە باسی پێداویستیم کرد."

بنجامین بە دوو چاوی وڕەوە سەیری کرد، لە کاتێکدا ئاسمانی ڕۆژهەڵات لە ناکاو بە تیشکی خۆر درزی برد، باڵندەیەکی ئۆریۆڵ[17] لە نێوان لقەکانی درەختە جووڵاوەکاندا باوێشکێکی سەختی دا.

---

[17] Oriole: باڵندەیەکی بچووکە، هێندەی چۆلەکە دەبێت، بەڵام سەر پشتی ڕەش و ژێر سکی پرتەقاڵییە. و.ک

# چاپتەری شەش

کاتێــک، پــاش شــەش مانــگ، نیشــانەکردنی خــاتوو هایدگرەید مۆنکریڤ بۆ بەڕێز بنجامین بۆتن ناسێنرا (دەڵـــێم "ناســـێنرا" چـــونکە جەنەڕاڵ مۆنکرێـــف ڕایگەیانــدبوو کە پێــی باشــترە بە ســکدا بەســەر شمشێرەکەیدا بکەوێت، وەک لەوەی ئاشکرای بکات). بەمە دڵخۆشــی کــۆمەڵگەی بۆڵتیمۆرەکــان گەیشــتە لـــوتکە. چیـــرۆکە لە مێـــژینە لەیـــاد چـــووەکەی لەدایکبـوونەکەی بینجـامین بە یادهـاتەوە و لە فۆڕمی چیرۆکێکی شــەرمەزار و بڕواپێنەکراودا بە ڕەشــابەدا بۆ هەموو لایەک نێردرا. گوترا کە لە ڕاستیدا بنجـامین بـاوکی ڕۆجەر بۆتنە، گـوترا کە برایەتـی و چـل سـاڵ زینـدانی کـراوە، گـوترا کە جـۆن وایکـس بـووزە[18] و لەژێـر ماسـکدایە، دواجـار گـوتراش کە دوو شــاخی قووچەکی بچووکی بەسەرەوەیە و لە گەورەبووندان.

پاشکۆی یەک شـەممانی ڕۆژنامەکانی نیـو یۆرک کەیســەکەیان بە وێنەیەکــی هێڵکــاری ســەرەنجڕاکێش پیشـاندا، کە تێیانـدا سـەری بنجـامین بـۆتن کرابـوو بە ماسـییەکەوە، بە مـارێکەوە، دواجـاریش بە جەسـتەی ڕەقــی کــانزایەکەوە. لە ڕووی ڕۆژنــامەوانییەوە، بە **پیـــاوە سەیروســـەمەرەکەی ماریلانــد** ناســرا. بەڵام چیـرۆکە ڕاسـتەقینەکە، وەک کەیسـێکی ئاسـایی، زۆر کەم ئاماژەی بۆ دەکرا.

---

[18] John Wilkes Booth: ئەکتەری ئەمریکی (١٨٣٨-١٨٦٥) و.ک

هەرچۆنێـــک بێـــت، هەمـــوو هـــاوڕای جەنەڕاڵ مۆنکرێـــف بـــوون کە ئەوە "تـــاوانە" کچێکـــی جـــوان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەویندارێکی بۆتیمۆرەکاندا بکات و خۆی هەڵبداتە ناو باوەشی پیاوێکی پەنجا ساڵەوە. لە ناچاریـــدا، بەڕێـــز ڕۆجەر بـــۆتن بە نوســـراوێکی گەورە، بە شـــێوەی بۆڵتیمۆرەکـــان بڕوانـــامەی لەدایکبوونی کوڕەکەی بۆ هەڵواسین. کەس بڕوای پێ نەکرد. دەبوو تەماشای بنجامین بکەیت تا بە چاوی خۆت بیبینیت.

هێندەشی کە پەیوەندی بە هەردوو ئەویندارەکەوە هەبێت، ئەوا هیچ گومانێکی تێدا نەبوو. زۆربەی ئەو چیرۆکـــانەی لە بـــارەی بنجـــامینی دەســـتگیرانیەوە دەگـــوتران، بە جۆرێـــک ناڕاســـت بـــوون، وایـــان لە هایدگرەیـــد کـــرد تەنـــانەت ڕەتـــی بکـــاتەوە بـــڕوا بە چیرۆکە ڕاســتەقینەکەش بکـات. لە ناچاریدا جەنەڕاڵ مۆنکرێـــف باســـی ڕێـــژەی مردنـــی کەســـە پەنجـــا ساڵانەکانی بۆ کچەکەی کرد،-یاخود هیچ نەبێت بۆ ئەو پیاوانەی کە لە پەنجا دەچوون؛ لە ناچاریدا باسی نـــاجێگیری بازرگـــانی کەرەســـتەی پێداویســـتی خـــانووبەرەی بـــۆ کـــرد. هایدگرەیـــد بڕیاریـــدابوو هاوســـەرگیری لەگەڵ مامناوەندییەکەیـدا بکـات، هەر واشی کرد.

# چاپتەری حەوت

بە جۆرێک لە جۆرەکان، هاوڕێکانی هایدگرەید مۆنکریف هەڵە بوون. فرۆشتنی پێداویستی کەرەستەی بیناسازی بە باشی بەرەو پێشەوە چوو. لە ماوەی پازدە ساڵدا، لە کاتی هاوسەرگیرییەکەی بینجامین بۆتن لە ١٨٨٠ـوە تا خانەنشینبوونی باوکی لە ١٨٩٥، داهاتی خێزانەکە بوو بە دوو هێندە- بەشێکی زۆری ئەمەش بەهۆی بەهێزی ئەندامە گەنجەکەی خێزانەکەیانەوە بوو.

پێویست بە گوتن ناکات، هەر زوو ئەم دووانە چوونە ناو دڵی بۆڵتیمۆرەکانەوە. تەنانەت جەنەڕاڵ مۆنکریفیش، کاتێک بنجامین پارەی پێدا تا مێژووی شەڕی ناوخۆ لە بیست بەرگدا چاپ بکات، کە لە لایەن نۆ خانەی چاپەوە ڕەتکرابووەوە، پەیوەندی لەگەڵ زاواکەی بەهێزتر بوو.

لە خودی بنجامین خۆیدا، پازدە ساڵ زۆر شتی گۆڕی. لەوە دەچوو خوێنی ئەو، ژیانێکی نوێی بۆ ناو دەمارەکانی هێنابێت. وایلێهات چێژی لە بە ئاگاهاتنەوەی بەیانیان دەبینی، چێژی لە پیاسەکردن دەبینی بە هەنگاوی چالاکەوە، بەناو شەقامە جەنجاڵ و خۆرەتاوەکاندا، چێژی لە کارکردنە بێ ماندووبوونەکانی دەبینی لەگەڵ بارە چەکوش و کارگۆ بزمارەکاندا. لە ١٨٩٠ـدا بوو کە ناوبانگی بازرگانییەکەی گەیشتە لوتکە: ئەو پێشنیازەی کرد کە هەموو ئەو بزمارانەی لە دروست کردنی ئەو

سندوقانەدا بەکارهاتوون کە بزمارەکانی پێ گوازراونەتەوە موڵکی ئەمانن، ئەو پێشنیازەی بوو بە یاسایەک، کە لە لایەن دادوەری یاسایی فۆسیل دانی پێدانرا، بەمەش ڕۆجێر و کۆمپانیاکەی، کۆمپانیای پێداویستی بیناسازیی، هەموو ساڵێک زیاتر لە شەش هەزار بزماریان بۆ دەگەڕایەوە.

لە هەمان کاتدا، بنجامین بۆی دەرکەوت کە تا بێت زیاتر و زیاتر چێژ لە دیوە چێژبەخشەکەی ژیان دەبینێت. شتێکی ئاسایی بوو لە کاتی گەشەکردنە پڕ تاسەکەیدا، ببێتە یەکەمین کەس لە شاری باڵتیمۆرەکاندا کە خاوەنی ئوتومبێلی خۆی بێت و ئوتومبێل لێبخوڕێت. بە بینینی ئەو لە سەر شەقامەکان، هاوتەمەنەکانی بە ئیرەییەوە تەماشای ئەو گەمەیەیان دەکرد کە ئەو پیاوە بە تەندروستی و توانای جەستە و تەمەنی دەکات.

دەیان گوت، "وا پێدەچێت ساڵ بە ساڵ گەنجتر ببێتەوە." ئەگەر ڕۆجەر بۆتنی پیر-کە ئێستە شەست و پێنج ساڵ بوو- شکستی هێنابێت لەوەی یەکەم جار پێشوازییەکی باش لە کوڕەکەی بکات، ئەوا دواجار بە پێدانی سەروەت و ڕێزێکی بێشوومار پۆزشی بۆ هێناوەتەوە، زۆر لەوە زیاتر کە پێویستییەتی.

ئێستەش دەگەینە سەر بابەتێکی ناخۆش کە باشتر وایە تا دەتوانین بە خێرایی هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین. تەنها یەک شت هەبوو بنجامین بۆتن خەمی لێ بخوات؛ ئەویش ئەوە بوو کە ژنەکەی چیتر سەرەنجی ئەمی ڕانەدەکێشا.

لە کاتێکدا هایدگرەید بوو بە ژنێکی سی و پێنج ساڵ، دایکی کوڕێک بوو بە ناوی ڕۆسکۆی چواردە ساڵ. لە سەرەتای هاوسەرگیرییەکەیانەوە، بینجامین دەیپەرست. بەڵام بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، قژە ڕەنگ هەنگوینییەکەی بوو بە قاوەییەکی سەرەنجڕانەکێش، تیشکە درەوشاوەکەی ناو چاوەکانی گۆڕان بۆ پارچە شکاوە بێ نرخەکانی کوپێک-لەوەش زیاتر، لە هەمووی زیاتر، ژنەکەی بە شێوازی خۆی زۆر جێگیرتر بوو، زۆر مەنگ، زۆر ئارام، زۆر لاوازتر لە چاو ئەو شەوقوزەوقەی جارانیدا، زۆر ساردتر لە چاو چێژی جارانیدا. وەک بووک، ئەوە ئەو بوو کە بنجامینی "ڕادەکێشا" بۆ سەما و خوانی ئێواران-بەڵام ئێستە دۆخەکان پێچەوانە بووبوونەوە. لەگەڵ بنجامین دەچووە دەرەوە، بەڵام دوور لە پەرۆشییەکەی جاران، چیتر پڕ بووبوو لەو دۆخە جێگیرە بێ بڕانەوەیەی کە ڕۆژێک بەسەر ژیانی هەر کەسێکماندا دێت و تا کۆتایی لەگەڵماندا دەمێنێتەوە.

بێتاقەتی بنجامین زیاتر ڕەنگی دایەوە. لە کاتی هەڵگیرساندنی جەنگی ئیسپانیا-ئەمریکادا لە ١٨٩٨، بە جۆرێک لەماڵەوە بێزاربوو، بڕیاریدا بچێت پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپاوە بکات. بە کاریگەری بازرگانییەکەی، پلەی نەقیبی[19] وەرگرت و لە کارکردندا هێندە کارامە بوو، کرا بە ڕائید[20]، لە

[19] Captain: نقیب
[20] Major: رائد

کۆتاییشــدا بە مــوقەدەم[21]، لە هەمــان ئەو کاتەشــدا بەشـداری ئـاهەنگگێڕانی سـان جـوان هێڵـی[22] کـرد. بە سووکی بریندار بوو، مەدالیاشی پێبەخشرا.

بنجــامین بە جۆرێــک کەوتە نــاو چێــژی کــۆی چالاکییەکانی ژیـانییەوە، ڕەتـی کـردەوە دەسـتبەرداری ببێــت، بەڵام بازرگــانییەکەی پێویســتی بە کــات و چــاودێری کــردن بــوو، بــۆیە دەســتی لە خزمەتــی ســەربازییەکەی وەک فەرمانــدە هەڵگــرت و گەڕایەوە مـاڵەوە. لە وێـستەگەکە لە لایەن بانـدێکی مۆسـیقییەوە پێشوازی لێکراو و بۆ ماڵەوە بەڕێ کرا.

---

[21] Lieutenant – colonel: مقدم

[22] San Juan Hill: جەنگی نێوان ئیسپانیا و ئەمریکا لە وڵاتی کوبا ساڵی ١٨٩٨. و.ک

## چاپتەری هەشت

هایدگرەیـــــد، بە ڕاوەشـــــاندنی ئـــــالآیەکی گەورەی ئاوریشمییەوە لە هەیوانەکەدا پێشوازی لێکرد، کاتێک مـــاچی ژنەکەی کـــرد، هەســـتی بە بێتـــاقەتییەکی زۆر کرد، چونکە هەستی کرد ئەو سێ ساڵە زۆر شتی لە ژیانیان لەگەڵ خۆی بردووە. ئێستە ژنەکەی چل سـاڵ بـوو، تـاڵە سـپییەکانی قژیشـی دەسـتیان بە زیـادبوون کردبوو. ئەم دیمەنە بێتاقەتی کرد.

لە ســـەرەوە، لە ژوورەکەی خـــۆی، لە ئاوێنەکەیـدا خـــۆی بینـــی-نزیکتـــر بـــووەوە و بە ترســـــەوە لە ڕوخســـــاری خـــۆی وردبـــووەوە، دوای خولەکێـــک بەراوردی کـــــرد بە فۆتـــۆیەکی خـــۆی بە جلـــی سەربازییەوە، کە پێش جەنگەکە گیرابوو.

بە دەنگی بەرز گوتی، "ئای خوایە گیان!" پڕۆسـەکە بەردەوام بـوو. هـیچ گومـانی تێـدا نەبـوو-ئێسـتە لە پیاوێکی سی ساڵ دەچوو. لەبری دڵخۆشبێت، بێتاقەت بـوو-گەنجتـر دەبـووەوە. پێشـتر چەنـدین سـاڵ بـوو هیـوای دەخواســت هەر کـات گەیشــتە تەمەنێـک کە هاوتای جەستەی بێت، ئەو ئەفسوونە سوریالییەی کە لە لەدایکبـــوونەوە لەگەڵیـــدایە بوەســـتێت و لە کـــار بکەوێـت. ترسـا. چارەنوسـی خۆی ناشـرین و بـڕوا پێنەکراو هاتە پێش چاو.

کاتێـک هــاتە خــوارەوە، هایدگرەیـد چــاوەڕوانی دەکـرد. وا پێدەچوو خـاتوونەکەی بێزاربێت، ئەمـیش بیری کردەوە، بڵێیت لە کۆتاییدا ژنەکەی هەستی بەوە

کردبێت کە شتێک هەڵەیە و لە جێی خۆیدا نییە. لە کاتی خوانی ئێوارەدا بوو کە گرێکەی نێوانیانی کردەوە، بە ڕێگەیەک کە بە گونجاوی دەزانی.

بە ئاگاییەوە گوتی، "هەموو پێم دەڵێن لە هەر کات گەنجتر دەردەکەوم."

هایدگرەید بە سوکایەتییەوە سەیری کرد، "پێت وایە ئەوە شتێک بێت شایەنی ئەوەبێت هێندە بە شانازییەوە باسی بکەیت؟"

بە خەمبارییەوە دەستی پێکرد، "شانازی پێوە ناکەم."

هایدگرەید هەناسەیەکی قوڵی دیکەی هەڵکێشا، "مەبەستم ئەوەیە،" وای گوت، ئینجا پاش کەمێک تەواوی کرد: "پێم وابێت زۆر شانازی پێوە دەکەیت، پێویستە بیوەستێنیت."

بنجامین پرسی، "چۆن بتوانم؟"

"زۆرت لەگەڵ ناڵێم، بەڵام بۆ کردنی کارەکان ڕێگەی ڕاست هەیە و ڕێگەی هەڵە هەیە. ئەگەر بڕیاری خۆتت داوە کە لە هەموو کەس جیاواز بیت، پێم وانییە بتوانم بتوەستێنم، بەڵام بەڕاستی پێم وانییە شتێکی زۆر گونجاو بێت."

"بەڵام هایدگرەید، بە دەست خۆم نییە."

"دەتوانیت. بەڵام بڕیارت داوە کە نەگۆڕێیت. ناتەوێت وەک خەڵکی ئاسایی بیت. هەمیشە هەر وابوویت، هەر واش دەمێنیتەوە. بەڵام تەنها بیر لەوە بکەرەوە، چی دەبوو ئەگەر هەموو خەڵکی بەو

جۆرەی تۆ لە شتەکانیان بڕوانیبایە-جیهان چی لێدەهات؟"

لەبەر ئەوەی ئەمە گفتوگۆیەکی گەمژانە و بێ وەڵام بوو، بنجامین هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، لەو کاتەوە بۆشاییەکی گەورە کەوتە نێوانیانەوە. بنجامین بیری کردەوە دەبێت هاوژینەکەی چاوەڕوانی چ شتێکی سەرەنجڕاکێشی لەمدا کردبێت.

ئەوەی کەلێنەکەی گەورەتر کرد، بنجامین هەستی کرد لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەدەی نوێدا، هەستی ئەم بۆ چێژ و سەفا زیاتر بووە. هیچ جۆرە ئاهەنگێک نەبوو لە شاری بۆڵتیمۆرەکاندا ئەم نەچێت، لەوێ لەگەڵ جوانترین ئەو ژنانەدا سەما نەکات کە تازە هاوسەرگیرییان کردبوو، قسە لەگەڵ ژنە پلە بەرزەکاندا نەکات. چێژی لە هاوڕێیەتییان دەبینی، لە کاتێکدا ژنەکەی، وەک بێوەژنێکی شومی شەڕەنگێز، لە ناو ئامادەبووانەوە سەیری دەکرد، ئێستە ناچار و ناڕازی بوو، بە دوو چاوی پەرۆش و سەرسوڕماو و ڕەخنەگرانەوە سەیری دەکرد.

خەڵکی قسەیان دەکرد، "سەیرکە! چەند گوناهە! کوڕێکی گەنج، لەو تەمەنەدا بەستراوەتەوە بە ژنێکی چل و پێنج ساڵانەوە. ڕەنگە بیست ساڵ لە ژنەکەی گەنجتر بێت." خەڵکی لە یادیان چوو-وەک چۆن هەمیشە شتیان لە یاد دەچێت-کە زوو لە ١٨٨٠ دا باوک و دایکیان، ئەوانیش قسەیان لە بارەی ئەم دوانەوە دەکرد وەک دوانی نەگونجاو.

قەرەبـووی بێـزارییە بەردەوامەکـانی بنجـامین لە مــاڵەوە، دروســتبوونی حەزی دیــکە و نــوێ بــوو. دەستی کرد بە یاری گۆڵف و سـەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. دەستی دایە سـەما: لە ١٩٠٦ دا لە "زە بۆستن[23]" دا شـارەزا بـوو، لە ١٩٠٨ دا وەک کەسێکی کـارامە لە بەهـرەی "Maxine[24]" دا ناسـرا، لە کاتێکدا لە ١٩٠٩ دا هەمـوو پیـاوە گەنجەکـانی شـارۆچکەکەی ئیرەییان بە "Castle Walk[25]"ـی دەبرد.

چـالاکییە کۆمەڵایەتییەکـانی، بێگومـان، تـا ڕادەیەک کـاری کـردە سـەر بازرگـانییەکەی، بەڵام دواتـر بـۆ بیســـت و پێـــنج ســـاڵ زۆر ســـەخت لە کـــاری فرۆشــیارییەکەیدا کـاری کـرد، دواتـر هەسـتی کـرد دەبێت بەو زووانە کارەکە ڕادەستی ڕۆسکۆی کوڕی بکات، کە بەو دواییە هارڤاردی تەواو کردبوو.

لە ڕاسـتیدا خەڵکـی زۆر جـار خـۆی و کوڕەکەیـان لێ تێکەڵ دەبوو. ئەمە بنجامینی دڵخۆش دەکرد- هەر زوو ئەو ترسەی ناخی لە یادکرد کە پاش گەڕانەوەی لە جەنگـی ئەمریکـا-ئیسـپانیا هەسـتیی پێکردبـوو، ئەو هەسـتە سـاویلکانەیەی تێدا گەشـەی کـرد کە چێـژ لە بینینـی ڕوخسـاری خـۆی ببینێـت. لە نـاو ئەم هەمـوو بەختەوەرییەیدا یەک ناخۆشـی هەبـوو-ڕقـی لەوەبـوو لەگەڵ ژنەکەیدا لە ناو خەڵکیدا دەربکەوێت. هایدگرەید

---

[23] The Boston: جۆرە سەمایەکە

[24] Maxine: جۆرە سەمایەکە

[25] Castle Walk جۆرە سەمایەکە

بووبوو به پەنجا ساڵ، بینینی ڕوخساری هەستێکی ئەبسێردی پێ دەدا.

# چاپتەری نۆ

لە ڕۆژێکی سێپتەمبەری ١٩١٠-چەند ساڵێک پاش ئەوەی کۆمپانیای کەرەستەی بیناسازییەکەی ڕۆجەر بۆتن ڕادەستی ڕۆسکۆ بۆتن کرا-پیاوێکی نزیکی بیست سالان، وەک یەکەم ساڵی خوێندن خۆی لە زانکۆی هارڤارد ناونوس کرد لە کامبریج. ئەو هەڵەیەی نەکرد کە پێیان بڵێت هەرگیز جارێکی دی تەمەنی نابێت بە پەنجا ساڵ، ئاماژەی بەوەش نەدا کە بیست ساڵ بەر لە ئێستە، کوڕەکەشی هەمان دامەزراوەی تەواو کردووە.

تۆکمەبوو و بڕوای بە خۆی هەبوو، هەر زوو لە ناو پۆلدا بوو بە کەسێکی دیار. بەشێکی لەبەر ئەوە بوو کە لە هاوپۆلەکانی قۆناغی یەکەمی گەورەتر دەردەکەوت، کە تێکڕایان نزیکی هەژدە ساڵ دەبوون.

بەڵام بەشێکی گەورەی سەرکەوتنەکانی بەهۆی ئەوەوە بوو کە لە یاری تۆپی پێدا بەرانبەر یەیل زۆر باش یاری کرد، زۆر خێرا بوو، ڕقێکی زۆر و سارد و ئەستووری هەبوو، بەجۆرێک حەوت خاڵی نیشتنەوە[26] و چواردە گۆڵی گۆڕەپانی[27] بۆ هارڤارد تۆمارکرد. هەر یازدە پیاوەکەی یەیلی بێهیوا و

[26] Touchdowns: تۆمارکردنی گۆڵە لە یاری ڕەگبیدا، بە بردنی تۆپەکە بۆ ئەودیوی خەتی گۆڵەکە. و.ک

[27] Field goals: تۆمارکردنی گۆڵە لە یاری ڕەگبیدا، بە هەڵدانی تۆپەکە بە قاچ بۆ نێوان دوو داری گۆڵەکە. و.ک

شـەکەت لە گۆڕەپـانەکە کـردە دەرەوە. بەناوبـانگترین پیاوی کۆلێج بوو.

گــوتنی ئەمە ســـەیرە، بەڵام لە ســـێهەم ســـاڵی خوێندنیدا، بە ئەستەم لە پێکهاتەی سەرەکی بەشداری پێـدەکرا. ڕاهێنەرەکـان دەیـان گـوت کە کێشـی زۆر دابەزیـوە و لە نـاو ئەوانـی دیکەشـدا دیـارە کە بـاڵای وەک جاران بەرز نییە. هـیچ خـاڵی نیشـتنەوەی تۆمـار نەکرد- لە ڕاستیدا، لە تیمەکەدا هێشـتیانەوە بەتـایبەت لەبەر ئەوەی بەڵکو شکۆ و ناوبـانگە مەزنەکەی، تیپـی یەیڵ بترسێنێت و سەریان لێ بشێوێنێت.

لە دوا ساڵدا، بە هیچ جۆرێک نەدەچووە تیمەکەوە. بەجۆرێـــک بچـــووک و لاواز بووبـــوو، جارێـــک خوێنـدکارێکی قۆنـاغی دوو وایزانـی ئەم لە قۆنـاغی یەکەمە. ئەم ڕووداوە زۆر خـراپ شـەرمەزاری کـرد. وەک شـتێکی سـەمەرە ناوبـانگی دەرکـرد-بە تەمەنێک کە بێگومـــان لە شـــازدە ســـاڵ زیـــاتر نەدەبـــوو- و هەمیشـــە هـــاوپۆلە جوانیپەرســـتەکانی توشـــی شـــۆک دەکرد. وانەکانی بۆ ئەم قورستر بووبوون-پێی وابوو بۆ ئاستی زۆر لەم باڵاتر دەبن. گوێی لە هاوپۆلەکـانی بـوو باسـی ناوبـانگی قوتابخـانەی سـت میداسـی[28] ناوەندی دەکەن، کە زۆربەیان لەوێوە هاتبوونە کۆلێژ، بڕیـاری دا لە دوای تەواوکردنـی زانکـۆ بچێـتە سـت میداس، لەوێ لە ناو کوڕانی قەبارەی خۆیدا، ژیان بـۆ ئەم زۆر خۆشتر دەبێت.

---

[28] St. Midas

لە دوای تەواوکردنـــی زانکــۆ لە ١٩١٤، گەڕایەوە مــاڵەوە بـۆ بــاڵتیمۆر و بڕوانــامەی هارڤاردیشــی لە گیرفانیدا بوو. ئێستە هایدیگرەید لە ئیتاڵیا دەژیـا، بۆیە بنجــامین چــوو لەگەڵ ڕۆســکۆ دا بــژی. بەڵام لەبەر ئەوەی پێشوازییەکی ئاسایی لێکرا، بگومـان کوڕەکەی هـیچ پەرۆشـییەکی لە دڵدا نەبوو بۆ بـاوکی-تەنـانەت هەسـتێکی بەرچـاو و دیـار لە کوڕەکەیدا بەدی دەکـرا کە وای کرد هەست بکات بنجامین، کە بێ ئیش و کار بە پۆشــاکی گەنجــانەوە بە نــاو مــاڵەکەدا دەهــات و دەچــوو، بە جۆرێـک لە جۆرەکـان بـووەتە بـارگرانی بــۆی. ئێســـتە ڕۆســـکۆ هاوســـەرگیری کردبـــوو و کەسێکی دیاری ناو ژیانی بۆڵتیمۆر بوو، نەیدەویست بە هـیچ جۆرێـک خـۆی لە پەیوەنـدییەکانی ئەنـدامانی خێزانەکەی بشارێتەوە.

بنجــامین کە چیتــر کەســێکی ویســتراو نەبــوو لە لایەن کەســە پـلە بەرزەکـان و ئەو گەنجانەشــەوە کە خوێندکاری کۆلێج بوون، بێجگە لە سێ یـاخود چـوار کــوڕی پــازدە ســاڵان لە گەڕەکەکەیـان، خــۆی تەواو پشـــتگوێ خــراو بینیــیەوە. بــۆیە بیــرۆکەی چــوونە قوتابخانەی ست میداس تێیدا سەری هەڵدایەوە.

ڕۆژێـک بە ڕۆسـکۆی گـوت، "چەنـدین جـار پـێم گوتیت دەمەوێت بچم بۆ قوتابخانەی ناوەندی."

ڕۆسـکۆ بە کـورتی وەڵامـی دایەوە، "کەواتە بچـۆ." بابەتەکە پوچ دەهـاتە گـوێی، دەیویسـت ئەو گفتوگۆیە پشتگوێ بخات.

بنجامین بێهیوایانە گوتی، "ناتوانم بە تەنها بچم، دەبێت تۆ بمبەیت و لەوێ ناونوسم بکەیت."

"کاتم نییە." ڕۆسکۆ بە کورتی بۆی ڕوونکردەوە. چاوی بچووککردەوە و بە تووڕەییەوە سەیری باوکی کرد. ئەمەشی زیاد کرد، "ئەوەی ڕاستی بێت، باشتر وایە چیتر خۆت لەم بازرگانییە هەڵنەقورتێنیت. باشتر وایە شۆڕت لە پێ بکەیت-باشتر وایە-باشتر وایە" وەستا و ڕوخساری سوورهەڵگەڕا بۆ وشەکان گەڕا، "باشتر وایە پاشگەزببیتەوە و بگەڕێیتەوە. ئەمە لەوە دەرچووە وەک گاڵتە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت. تۆ-تۆ چیتر بە گوێرەی تەمەنەکەت مامەڵە بکە!"

بنجامین سەیری کرد، خەریکبوو دەست بکات بە گریان.

ڕۆسکۆ بەردەوام بوو، "شتێکی دیکەش، کاتێک میوانمان هات، دەمەوێت بە "مامە" بانگم بکەیت، نەک "ڕۆسکۆ" تێگەیشتیت؟ جوان نییە کوڕێکی پازدە ساڵ بە ناوی یەکەمی خۆمەوە بانگم بکات. ڕەنگە باشتر وابێت لە ئێستەوە و بەردەوام بە 'مامە' بانگم بکەیت، تا لەگەڵی ڕابێیت."

بە سەیرکردنێکی ڕەقی باوکییەوە، ڕۆسکۆ سەری سوڕاند.

## چاپتەری دە

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا، بنجامین بە ناشرینی چووە سەرەوە و لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد. سێ مانگ بوو ڕیشی نەتاشیبوو، بەڵام هیچی بە ڕوخسارییەوە نەبینی، بێجگە لە چەند مویەکی کەمی سپی کە زۆر دیار نەبوون و شتێ نەبوون شایەنی باس بن. کاتێک سەرەتا لە هارڤارد هاتەوەماڵەوە، ڕۆسکۆ بە پلانێکەوە پێشوازی لێکرد کە دەبێت چاویلکە بکاتە چاوی و سمێڵی دەستکردیش بە سیکۆتین بکات بە ڕوخسارییەوە، لە یەکەم خولەکدا لەوە دەچوو کە ڕوخسارەکەی سالانی سەرەتای دوبارە بۆ گەڕابێتەوە. بەڵام سمێڵەکە زۆر دەخورا و شەرمەزاری دەکرد. دەستی کرد بە گریان، ڕۆسکۆش لە ناچاریدا پاشگەز بووەوە.

بنجامین کتێبێکی چیرۆکی کوڕانی کردەوە، "کوڕەکە لە کەناری بینیمیەوە[29] سەیر دەکات" و دەستی کرد بە خوێندنەوە. بەڵام درکی بەوە کرد بەردەوام بیر لە جەنگ دەکاتەوە. لەو چەند مانگەی پێشوودا، ئەمریکا پەیوەندی کردبوو بە هاوپەیمانانەوە، بنجامینیش دەیویست خۆی ناونوس بکات، بەڵام بەداخەوە، شازدە بچووکترین تەمەن بوو، ئەمیش لەوە نەدەچوو تەمەنی هێندە ببێت.

---

[29] Bimini: کۆمەڵێک دورگەن، بە دووری ٨٠ کیلۆمەترەوە لە میامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. و.ک

هەرچۆنێک بێت تەمەنە ڕاستەقینەکەی، کە پەنجا و حەوت بوو، لە کاندیدبوونی دووری دەخستەوە.

لە دەرگە درا، خزمەتکارە سەرگەورەکە[30] بە نامەیەکەوە دەرکەوت، کە ئایکۆنێکی گەورەی فەرمی بە سووچەکەیەوە بوو بە ناوی بەڕێز بنجامین بۆتنەوە نێردرابوو. بنجامین بە پەرۆشەوە زەرفەکەی دڕاند و کردییەوە و نامەکەی بە دڵخۆشییەوە خوێندەوە. پێی ڕاگەیەندرابوو کە زۆربەی ئەو ئەفسەرە یەدەگانەی لە جەنگی ئەمریکا-ئیسپانیادا بەشداربوون، بە پلەی بەرزترەوە بانگکراونەتەوە بۆ خزمەت، ئاماژەش بە پلەکەی ئەم کرابوو، عەقید[31] لە سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرمانیشی پێکرابوو زوو پەیوەندی بکات.

بنجامین بە پەلە هەستایە سەر پێ، لە پەرۆشیدا دەلەرزی. ئەمە ئەوە بوو کە خۆی دەیویست. کڵاوەکەی هەڵگرت و دوای دە خولەک گەیشتە بەرگدروویەکی گەورە لە شەقامی چارلس، لەوێ بە دەنگێکی بەرزی گومانایییەوە داوای کرد جەستەی پێوانە بکرێت و یونیفۆڕمێکی بۆ بدوورێت.

بەرگدرووەکە بە ئارامی پرسی، "دەتەوێت یاری سەرباز بکەیت بچکۆل؟"

بنجامین سوور هەڵگەڕا، بە توڕەییەوە بەرپەرچی دایەوە، "گرنگ نییە چیم دەوێت! ناوم بۆتنە و لە مت

---

[30] butler: خزمەتکارێکە، لە هەموو ئەوانی تر پلەی بەرزترە. و.ک

[31] brigadier-general

ڤێرنۆن پلەیس دەژیم، کەوایە دەزانیت گونجاوم بۆ ئەو کارە."

بەرگدرووەکە بە گومانەوە دانی پێدا نا، "لەڕاستیدا، ئەگەر تۆ وانەبیت، ڕەنگە باوکت وابێت، باشە."

بنجامین پێورا و پاش هەفتەیەک یونیفۆڕمەکەی تەواو بوو. کێشەی هەبوو لەگەڵ هەڵواسینی پلەی جەنەڕاڵدا، چونکە بەرگدرووەکە جەختی لە بنجامین کردەوە کە باجی V.W.C.A.[32] باشترە و یاری پێکردنیشی خۆشترە.

بێ ئەوەی هیچ بە ڕۆسکۆ بڵێت، شەوێک ماڵی جێهێشت و بە شەمەندەفەر چوو بۆ کەمپی سەربازیی مۆسبای، لە باشووری کارۆلینا، لەو شوێنەی وەک فەرماندەی لیوایەکی پیادە خزمەتی کردبوو. لە ڕۆژێکی گەرمی ئەیپریلدا چووە بەر دەروازەی کەمپەکە، پارەی ئەو تەکسییەی دا کە لە وێستگەکەوە پێی هاتبوو، ئینجا ڕووی بۆ پاسەوانەکەی ناو خاڵی پاسەوانییەکە وەرگێڕا.

بە خێرایی گوتی، "ئا یەکێک بانگ بکە جانتاکانم بۆ هەڵبگرێت."

پاسەوانەکە بە دوو چاوی ناقایلەوە سەیری کرد و گوتی، "بلێ کوڕم، بەم باجی جەنەڕاڵەوە بۆ کوێ دەچیت؟"

---

[32] Young Men's Christian Association: کۆمەڵەی پیاوە گەنجە مەسیحییەکان. ڕێکخراوێکی خێرخوازییە، ساڵی ١٨٤٤ لە لەندەن دروست بوو. و.ک

بنجامین، کەسێکی بە ئەزموونی شەڕی ئیسپانیا-ئەمریکا، بە دوو چاوی تووڕەوە سەیری پاسەوانەکەی کرد، بەڵام، بەداخەوە، بە دەنگێکی سێ جار بەرزتر لە هی خۆی.

هەوڵیدا وەک هەورەگرمە هاوار بکات و گوتی، "ورییاااابە!" وەستا تا هەناسەیەک بدات، دواتر لە ناکاو پاسەوانەکە پاژنەی پێڵاوەکانی هێنایەوە یەک و چەکەکەشی لە خۆی نزیک کردەوە و چووە وریابوون. بنجامین بزەی سەرکەوتنەکەی شاردەوە، بەڵام کاتێک چاوی بەویادا گێڕا، بزەکەی ڕەوییەوە. ئەوە ئەم نەبوو کە بە چوونە وریابوون ڕێزی لێ گیرابوو، بەڵکو موقەدەمێکی تۆپخانە بوو کە بەسەر پشتی ئەسپێکەوە نزیکدەبووەوە.

بنجامین بە ڕەقی بانگی کرد، "موقەدەم."

موقەدەمەکە، بە سواری ئەسپەکەیەوە نزیکبووەوە، بە ساردییەوە، بە دوو چاوی درەوشاوەوە سەیری خوارەوەی کرد. بە میهرەبانییەوە پرسی، "کوڕە بچکۆلەکە تۆ کێیت؟"

بنجامین بە دەنگێکی ڕەقەوە ڕایگەیاند، "بێگومان بەم نزیکانە پێت دەڵێم چ کوڕێکی بچووکم! دابەزە لەو ئەسپە!"

موقەدەمەکە دایە قاقای پێکەنین.

"ئەسپەکەت دەوێت، همم، جەنەڕاڵ."

بنجامین خێرا هاواری کرد، "ها، ئەمە بخوێنەرەوە." ئینجا فەرمانی پلەکەی دا بە موقەدەمەکە.

موقەدەمەکە خوێندییەوە، چاوەکانی هێندە زەق کرانەوە، خەریک بوو بێنە دەرەوە.

دۆکیۆمێنتەکەی خزاندە گیرفانی خۆی و فەرمانی کرد، "ئەمەت لە کوێ بوو؟"

"لە حوکمەتەوە پێم بەخشراوە، بەم نزیکانە لەوە دڵنیادەبیتەوە."

موقەدەمەکە بە دوو چاوی پڕ سەرسامییەوە گوتی، "لەگەڵم وەرە، دەچین بۆ بنکەی سەرەکی و باسی ئەمە دەکەین. وەرە لەگەڵم."

موقەدەمەکە سوڕا و بە خاوی بە سوار پشتی ئەسپەکەیەوە ڕووەو بنکەی سەرەکی چوو. هیچ بۆ بنجامین نەمایەوە بیکات، ئەوە نەبێت بە زۆرترین شکۆوە شوێنی بکەوێت-لە کاتێکدا بەڵێنی بە خۆی دا، تۆڵەیەکی قورسی لێ بکاتەوە.

بەڵام تۆڵەکردنەوەکەی ڕووی نەدا. پاش دوو ڕۆژ، هەرچۆنێک بێت، ڕۆسکۆی کوڕی لە بالتیمۆرەوە گەیشتە لای، ئارەقاوی کە نیشانەی گەشتێکی خێرا بوو، ڕێنیشاندەری جەنەڕاڵە بێ یونیفۆڕمە گریاوەکەی کرد، بۆ ماڵەوە.

# بەشی دوو

# چاپتەری یازدە

لە ساڵی ١٩٢٠دا، یەکەم کوڕی ڕۆسکۆ لەدایک بوو. لە کاتێکدا میوان و سەردانکەران دەهاتن بۆ پیرۆزبایی، هەرچۆنێک بێت، کەس درکی بەوە نەکرد، کەس ئاماژەی "بە شتێک" نەدا، کە ئەو کوڕە منداڵە چڵکنەی نزیکی دە ساڵ دەبێت و بە ناو ماڵەکەدا ڕاکە ڕاکییەتی و یاری بە سەرباز و سێرکی پلاستیک دەکات، باپیری ئەو منداڵە تازە لەدایکبووەیە.

کەس ڕقی لەو کوڕە بچووکە نەبوو کە سەرەداوێکی خەمباریی بە ڕوخسارە پاک و جوانەکەیەوە بوو، بەڵام بۆ ڕۆسکۆ بۆتن، لەوێبوونی ئەو کوڕە، مایەی خەم بوو. لە زمانی هاوسەردەمەکانی خۆیەوە، ڕۆسکۆ کێشەکەی وەک "سیستماتیک بوون" وەرنەگرت. ئەو پێی وابوو باوکی، بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی لە کەسێکی شەست ساڵ بچێت، وەک "نێرینەیەکی ڕەسەن"-ئەمە باشترین دەربڕینی ڕۆسکۆ بوو- مامەڵەی نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەیر و ناشرین مامەڵە دەکات. لە ڕاستیدا، بیرکردنەوە لەم بابەتە بۆ نزیکی نیو کاتژمێر، تا لێواری شێتی و سەرلێشێوان بردی. ڕۆسکۆ پێی وابوو "دەمارەکانی ژیان" دەبێت بە گەنجی بهێڵرێنەوە، بەڵام هەڵگرتنیان بەم ڕادەیە زۆر-زۆر بێکەڵک بوو.

پێنج ساڵ دواتر، کوڕە بچکۆلەکەی ڕۆسکۆ هێندە گەورە بوو بتوانێت یاری منداڵانەی کوڕانە لەگەڵ

بنجامینی بچووکدا بکات، لە ژێر سەرپەرشتیاری هەمان دادەدا. ڕۆسکۆ لە یەک ڕۆژدا هەردووکیانی برد بۆ باخچەی ساوایان. لەویّ بنجامین هەستی کرد یاری کردن بە کاخەزی ڕەنگاوڕەنگی خەتخەت و دروستکردنی فەرش و زنجیر و شتی سەیر و جوان، خۆشترین شتە لە دونیادا. جاریّکیان هاروهاجی کرد و داوای لێکرا لە سووچێکی ژوورەکەدا بە پێوە بوەستێت-ئەویش دەستی کرد بە گریان-بەڵام زۆربەی کاتەکان لەو ژوورە پڕ لە کەیفەدا، سەرگەرم و دڵخۆش بوو، تیشکی خۆر لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورەوە و خاتوو بایلی جار جار بۆ خولەکێک دەستە میهرەبانەکانی دەهێنا بە قژە بژەکەیدا.

پاش ساڵێک کوڕەکەی ڕۆسکۆ چووە پۆلی یەکەم، بەڵام بنجامین لە باخچەی ساوایان مایەوە. زۆر دڵخۆش بوو. هەندێک سات کە منداڵەکانی دیکە باسی ئەوەیان دەکرد کە گەورەبوون چی دەکەن، سێبەرێک بەسەر ڕوخسارە بچووکەکەیدا تێدەپەڕی، وەک بە ڕێگە ناڕوون و منداڵانەکەی درکی بەوە کردبێت کە ئەوانە شتگەلێکن ئەم هەرگیز بەشدار نابێت تێیاندا.

ڕۆژەکان تا دەهات ناخۆشتر دەبوون. بۆ سێهەم ساڵ چووەوە باخچەی ساوایان، بەڵام ئێستە زۆر لەوە بچووکتر بوو تێبگات کاخەزە ڕەنگاوڕەنگە خەتخەتە درەوشاوەکان بۆ چی بەکاردێن. دەگریا، چونکە کوڕەکانی دیکە لەم گەورەتر بوون و لێیان دەترسا. مامۆستاکە قسەی لەگەڵ کرد، هەرچەندە

هەوڵــی دا لێــی تێبگــات، بەڵام بە هــیچ شــێوەیەک نەیتوانی.

لە بــاخچەی ســاوایان هێنــرایە دەرەوە. دادەکەی، نانــا، بە عەزیــیە پلیســییە خەتــخەتەکەیەوە، بــوو بە چەقی ژیانە بچکۆلانەکەی. لە ڕۆژە هەتاوییەکاندا، لە پــارکەکەدا پیاســەیان دەکــرد؛ نانــا ئامــاژەی بــۆ بــوونەوەرە ڕەساســییە گەورەکە دەکــرد و دەیگــوت "فیــل"، بنجــامینیش لە دوایەوە دووبــارەی دەکــردەوە، ئەو شــەوە کاتێک جلی خەوی لەبەر کرا و برایە نــاو جێگەوە، جــار لە دوای جــار لەبەر خۆیەوە بە دەنگی بەرز دەیگــوتەوە، "ڤیــل، ڤیــل، ڤیــل." هەنــدێک جــار نانــا ڕێــگەی دەدا لەســەر جــێخەوەکەی هەڵــبەز و دابەز بکــات، ئەوەش زۆر خــۆش بــوو، بە ڕێکــی خۆتــت هەڵبدایەتە سەری، جارێکی دی فڕێی دەدایتەوە ســەر قاچەکانت، هەروەهــا ئەگەر بۆ مــاوەیەکی زۆر بڵێیت "ئاهــ" لە کــاتی بــازدانەکەدا، ئەوا دەنگێکــی درێــژی خۆشت لێوە دێت.

حەزی لەوە بــوو کــڵاو و گۆچــانەکە هەڵبگرێــت- هەســتێت و بەو نــاوەدا ڕابکــات و بکێشــێت بە قــاچی کورســی و مێزەکانــدا و بڵێــت، "شــەڕ، شــەڕ، شــەڕ." کاتێــک خەڵکــی دیــکەی لێــدەبوو، ژنە بە تەمەنەکــان ناقاییلانە چوکە چوکیان لێ دەکرد، ئەمەش سەرەنجی ڕادەکێشــا و حەزی لێــی بــوو، کاتێــک ژنە گەنجەکــان هەوڵیــان دەدا مــاچی بــکەن، بە بێزارییەکــی زۆر ســاردەوە قایــل دەبــوو. کــاتێکیش ڕۆژگــارە درێــژەکە کاتژمێر پێنج تەواو دەبوو، لەگەڵ نانا دەچووە نهۆمی

سـەرەوە و بە کەوچـک خـۆراکی دانەوێـڵەی تەڕ و نەرم دەکرا بە دەمییەوە.

لە خەونە منداڵانەکەیدا هیچ بیرەوەرییەکی ناخۆش بـوونی نەبـوو؛ هـیچ ئامـاژەیەکی ڕۆژانـی بەهێـزی کۆلیژی بەیاد نەهاتەوە، یاخود ساڵە درەوشاوەکانی ژیانی کە دڵی چەندین کچی گیرۆدەی خۆی کردبوو. تەنها دیوارە سپییە پارێزراوەکانی لانکەکەی و نانا و پیاوێـک کە جـار جـار دەهـات بـۆ سـەردانی، لەگەڵ تۆپێکی پرتەقاڵی گەورە کە نانا بەر لە خۆرئاوابوون و کاتی خەو ئاماژەی بۆ دەکرد و پێی دەگوت "خۆر". کاتێک خۆر دەڕۆیشت، چاوەکانی خەو دەیانبردەوە- هـیچ خەونـی نەدەبینـی، هـیچ مـۆتەکەیەک بێـزاری نەدەکرد.

ڕابردوو-گەرمبوونی سەری پیاوەکانی لە بەرزایی گـردی سـان جـوان[33]؛ یەکەمـین سـاڵەکانی هاوسەرگیری کە تا ئێوارانی درەنگی هاوین کاری دەکـرد، لە شـارە جەنجاڵەکەدا کـاری بـۆ هایدگرەیـد دەکـرد کە خۆشـی دەویسـت؛ ڕۆژەکـانی بەر لەوە، کاتێـک دادەنیشـت و جـگەرەی بەبـا دەکـرد بـۆ نـاو نیوەشـەو لە ژوورە پڕ دوکەڵە هەورئاسـاکەی بـۆتنی پیر لە شـەقامی مۆنرۆ لەگەڵ باپیریدا-هەموو ئەمانە لە مێشـکیدا دیارنەمـابوون، وەک خەونێکـی هەسـتپێنەکراو، وەک ئەوەی هەرگیـز بوونیـان نەبووبێت.

---

[33] San Juan Hill


به ڕوونی لە یادی نەبوو لەدوا ژەمیدا شیرەکە گەرمبوو یاخود سارد، لە یادی نەبوو ڕۆژەکان چۆن تێدەپەڕن-تەنها لانکەکەی و ئامادەبووە ئاشناکەی نانا هەبوو. ئیدی هیچی دیکەی لەیاد نەبوو. کە برسی دەبوو دەگریا-ئیدی هیچی دیکە. نیوەڕوان و شەوان بە ئارامی هەناسەی دەدا و لە فەزای ژوورەکەدا دەنگی دوور و نزم و غەڵبەغەڵب دەهات کە ئەم بە ئەستەم دەیبیستن، زۆر بە کەمی پێکەنینەکان و ڕوناکی و تاریکی بۆ جیادەکرانەوە.


پاشان هەمووی تاریک بوون، لانکە سپییەکەی و ئەو ڕوخسارە کاڵانەی لەسەر سەری دەجوڵان و بەرامە گەرمە شیرینەکەی شیرەکەی، هەموو بە جارێک لە مێشکیدا دیارنەمان.

-کۆتایی-


سوپاسی زۆرم بۆ هاوکارییە بەردەوامەکانی خاتوو
Hannah Fox


لەبەر سەرنجڕاکێشی و نامۆیی ئەم چیرۆکە، تا ئێستە چەندین وێنە و پۆستەر و بەرگ بۆ کتێب و فیلمەکەی درووستکراون. پێمان باشبوو لێرەدا هەندێکیان دابنێینەوە.





The Curious Case of
Benjamin Button
F. Scott
Fitzgerald


The Curious Case of
Benjamin Button


F. SCOTT FITZGERALD
NOW A MAJOR MOTION PICTURE
The Curious Case of Benjamin Button


The Curious Case
of Benjamin Button


*With* BRAD PITT & CATE BLANCHETT
*The*
CURIOUS CASE *of*
BENJAMIN BUTTON
*A* DAVID FINCHER *Film*